دۆسیەی ژمارە: دەسەڵاتی هەرێم و چاکسازی

دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵ ئاسۆ شابان سەبارەت بەپرسی چاکسازی لە لاپەرە 12 دەخوێننەوە

# بۆپێشەوە

FORWARD

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

سالّی سێهەم، ژمارە (58) 15/8/2019 | بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە | مانگی دووجار، لە (1)و(15)ی هەموو مانگێکدا دەرئەچێت


# چاکسازی ڕووکەش و لەخوارەوە بۆ داپۆشینی دزی و تالانییەکانی سەرەوەیە!

کابینەی نۆهەمی حکومەتی هەرێم لەسەرەتاکانی خۆیدا، خەریکی دەستبردنە بۆ هەندێک چاکسازی و ریفۆرم لەخوارەوە. دیارە ئەمەش بۆتە ناچاری و ڕێگایەک بۆ خاوکردنەوەی تورەیی و نارەزایەتی قوڵی جەماوەری لە دزی و تالانی و گەندەڵی و نابەرابەری قوڵی ئابوری و مەودای فراوانی جەماوەری کارگەران و کارمەندان، لەگەڵ کەمایەتیەکی کەمی سەرمایەدار و بەپرسە حزبی و حکومیەکان.

نەفرەت و تورەیی جەماوەری لەکوردستاندا، لەبنەرەتدا بەڕووی ئەو ئیلێت" نوخبە" سیاسییە بالآیەی هەرەمی دەسەلآتی حزب و بنەماڵەیە، کە پاوانی بازاڕ، داهاتی نەوت، زەوی، بازرگانی، بەڵیندەرایەتی، کەرتی پەروەردەو تەندروستی، کارەبا وئاو شارەوانی، هاتووچۆ، پەیوەندی، تەکنەلۆژیا، ... کردووە. وە نەفرەتە لەو جیاوازییە بەرینەی لەنێوان موچەی کارگەران و کارمەندان لەگەڵ بەرپرسانی حکومی و سیستەمی خانەنشینی نێوانیاندا هەیە...

بۆ لاپەڕە ٢

## ئەم نابەرابەییە، دەبێ تورِ بدرێت

**کرێکار، مامۆستا، فەرمانبەر، کارمەندیك دوای زیاد لە (٢٥)ساڵی تەمەن لەخزمەت خانەنشین ئەکرێت موچەکەی ناگاتە (1000000) یەك ملیۆن دینار !!!**

**ئەندام پەرلەمان، وەزیر، بەرێوەبەری گشتی دوای چوار ساڵ بەمووچەی سەرو ( 6000000 ) شەش ملیون دینار خانەنشین ئەکرێت!**

## تەنها چارەسەرێك لەبەرامبەر ئەم بەربەریەتەدا سۆشیالیزمە...ل 12




کرێکاران و کارمەندانی کارەبای ناسرییە دێنەوە مەیدان...ل2

ماریا هەورامی و قیرە قیرێ مەلا...ل3

کۆیلایەتی ڕێبازێکی لەمێژینەی پارتی و یەکەکە...ل3

کەمپەینی کەم ئەندامان... ریسوایی حکومەت و دەسەڵات...ل4

مرۆڤەکان بەنرخن نەك ئالأو فکرو دینەکان..ل4

جەندەر و زمان: توندوتیژیی زمانەوانیی..ل5

یەکەم دەست نووسی قورئان نەصرانی هاجەری بووە...ل10ـ11

دەوڵەمەندترین خێزان لە دنیا لە سەعاتێکدا ٤ ملیۆن دۆلار قازانج دەکەن...ل7



پرسی ژن ل 6

گۆشەی ئەدەب و هونەر ل7

هەواڵی نارەزایەتیە کرێکاری و جەماوەرییەکان...ل8

دیمانەی هاوپشتی لەگەڵ مەنسور حیکمەت سەبارەت بە لەباردبردنی مناڵ...ل9

## وتەی ژمارە

ئەگەر بڕیار بێت چاکسازییەک بکرێت، پێویستە لەسەرەوە دەستپێبکات، لە نەوت و داهاتی نەوت و کێڵگە نەوتیەکانەوە دەست پێبکات. ئاماری فرۆشی نەوت و داهاتەکەی بخرێتە ڕوو. لەدەست بەسەراگرتنی داهات و سامانی بەرپرسەکانەوە دەست پێبکات و بگێردرێتەوە بۆ خەزێنەی گشتی. لە گێرانەوەی سەدان هەزار دۆنم زەوی دەست بەسەرداگیراودا نیشان بدرێت. لە دەست هەڵگرتنی بەرپرسە حزبی و حکومیەکان دەست پیبکات، کە هەموو جومگە سەرەکیەکانی سەرچاوەکانی داهات و بازار و بازرگانیان قۆرغ کردووە. لە هێنانەخوارەوەی موچەی ئەندام پەرلەمانەکان و خانەنشینەکانیان، وەزیرەکان و جێگرەکانیان، بەرێوەبەرە گشتیەکانیان و موچەی خانەنشینی خەیاڵیان و ئیمتیازەکانیان، لە لەشکری خانەنشینی بندیواردا... دەست پێبکات و موچەکانیان بهێنرێتە خوارەوە بۆ هێندەو نیوو یان دووهیندەی موچەی کارگەر و موچەخۆرێکی ئاسایی و موچەی کرێکاران و کارمەندانیش بە پێی بازاڕ بەرزبکرێتەوەو خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتی و تەندروستییەکان و بیمەی بیکاری بۆ بیکاران و کەسانی ئامادەبەکار ببڕدرێتەوە.

ئەو چاکسازییەی کە بە زیادکردنی دەوام، زیادکردنی باج لەسەر کرێکاران و کارمەندان و هاوڵاتیان و دام و دەزگا حکومیەکان، دەست پێدەکات، نەک بەشێک نییە لەچاکسازی و ریفۆرم، بەڵکو وەستانەوەیەکی ئاشکرایە بەرووی چاکسازی و لەواقعدا گەندەڵی و درێژەدانە بەو تاڵانیەی لە هەرەمی باڵای دەسەڵاتداریێتی هەرێمدا کۆمەڵگەی کوردستانی دادۆشیوەو ژیانی لەزوربەی هەرەزۆری هاوڵاتیان سەخت و قورس کردووە. وە نەوەکانی داهاتووشی خستۆتە ژێر باری قەرزی چەند ملیار دۆلاری سەرچاوە نادیارەوە.

چۆن دەکرێت باسی چاکسازی بکەیت، و کەرتە گشتیەکان بکەیت بەتایبەتی؟ چۆن دەشێت باسی ریفۆرم بکەیت و دەسەڵاتی بنەماڵە دابسەپێنیت؟ چاکسازی چۆن بەکەسانێک دەکرێت، کەخۆیان بەچەندین ڕێگای نارەوا دەمیان ژەنیوەتە داهاتی کۆمەڵگەو هۆکاری سەرەکی تیرۆری ئابوری و داهاتی کۆمەڵگەن.

کابینەی نوێی حکومەت، لەرێگای ئەو چاکسازییە روکەش وناچیزانەی جەماوەری کارگەر و کارمەندان و هاوڵاتیان دەکاتە نیشانە، دەیەوێت چاوپۆشی بکات و پەردە بدات بەسەر ئەو تاڵانی ودزییە ئاشکرا" نایاسایی و بەیاسایکراوەی" سەرانی حزب و بنەماڵە دەستڕۆشتوەکان کە ٢٨ ساڵە، هەرچی داهات و سامانی کۆمەڵگەیە دەستیان بەسەردا گرتووە و لەو ڕێگایەشەوە بوونەتە ملیۆنیر و ملیاردێر.

دەسەڵاتدارانی سیاسی هەرێم لە هەردوو زۆنی زەرد و سەوزدا، سەرە زلەکانی فەرهودو تاڵانی و گەندەڵین. چۆن دەکرێت ئەمانە ببنە فریاد رەسی داهات وسامانی کۆمەڵگەو دەست ببەن بۆ چاکسازی واقعی؟ ئەگەر چاکسازی ئەمانە بگرێتەوە، و داهات و سامانی کەڵەکەکراویان دەستی بەسەردا بگیرێت، پایەکانی دەسەڵاتدارێتیان دەڕمێ. و خۆشیان راپێچی بەردەم یاساو لێپێچینەوەی دەکرێن.

چاکسازی لەخوارەوە بۆ شاردنەوەی تاڵانی لەسەرەوەو درێژەدان بە قۆرغکردنی داهاتی کۆمەڵگەو سەرچاوەکانییەتی.

دوای ١٧ شوبات و ڕاسانی جەماوەری لە دنیای عەرەب و کوردستاندا مەسعود بارزانی کە لەو لەکاتەدا گەورەترین دەسەڵاتی هەرێمی بەدەستەوە بوو، ناچار بوو پرسی چاکسازی بەدەستەوە بگرێت، بەڵام ئێستاشی لەگەڵ بێت، بەشوێنێک نەگەیشت و تاکە بەرپرسێکی حزبی و بنەماڵە توشی لێپێچینەوەی یاسایی نەکرایەوەو هیچ داهات و سامانێکی کۆکراوەو دزراو بۆ خەزێنەی گشتی نەگێڕدرایەوە. دەستبردنی بارزانی بۆ چاکسازی بۆ رەواندنەوەو خاوکردنەوەی تورەیی جەماوەری و خۆپێشاندانەکان بوو.

ئێستا کە مەسرور بارزانی و کابینەکەی باسی چاکسازی و رووبەرووبونەوەی گەندەڵی دەکەن، هەوڵێکە بۆ ئاشتکردنەوەی دەسەڵات لەگەڵ جەماوەر و بۆ بەرگرتنە بە هاتنە سەرجادەی جەماوەری، بەڵام بەسادەیی بەهۆیەوە کە ئەم دەسەڵاتە لە ئاستی هەرە باڵادا خۆی سەرچاوەی دزی و تاڵانی داهاتە، ناتوانێت چاکسازی بەرجەستە و بەرچاو بکات. بۆیە دەست دەبات بۆ ریفۆرم لەخوارەوەو گوشارهێنان بۆ چین و توێژە بێبەشەکان و چاکسازی ڕوکەش و بێبەها و ناکاریگەر.

ڕێگایەک بۆ ئەوەی دەسەڵات ناچار بکات، چاکسازی واقعی بکات و سامان و داهاتی دزراوی ٢٨ ساڵی رابردوو بگێڕێتەوە و دەستی مافیاکانی نەوت و بازار و بازرگانی و زەوی و زار... کورت بکاتەوە، تەنها وەڕێکەوتنی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری فراوانی لەخوارەوەی چینی کارگەرو کارمەند و موچەخۆران و بێبەشانی کۆمەڵگەیە. ئەم دەسەڵاتە بەخۆشی خۆی چاکسازی واقعی و بەرجەستە ناکات. خەڵکی کوردستان نابێ هیچ خۆشباوەرییەکیان بە بەرنامەو نەخشەی حکومەت و کابینەی نوێ هەبێت بۆ چاکسازی.

## کرێکاران و فەرمانبەرانی وێستگەی کارەبای ناسریە نارەزایەتی ڕێکدەخەن

**ئەحمەد عبدالستار**

کرێکاران و کارمەندانی وێستگەی کارەبا لە ناسریە گردبوونەوەیەکی نارەزایەتی ڕێکدەخەن دژ بە نیەتی وەزارەتی کارەبا بۆ بەتایبەتی کردنی کەرتی کارەبا.




ئەمەش لەکاتی سەردانی بەرهەمهێنەکەدا وترا کاتێک باسی نەخشەکەی دەکرد. لەهەنگاوی یەکەمدا کەمکردنەوەی کرێکاران و لابردنی زۆرێک لە وەزیفەکان، بۆئەوەی لەم ڕێگەیەوە قازانجی زیاتربکەن. مووچەی ئەو کرێکار و فەرمانبەرانە کە بۆ گوزەران و بەخێوکردنی خێزانەکانیان پشتی پێدەبەستن، زیادە مەسرەفیە لەلایەن بەرهەمهێنەرەوە. ئەمە نەخشەی دەوڵەتی عێراقیە بە سەرۆکایەتی حزبە ئیسلامیەکانی کە حاکمن، بەپێی پرۆژەی ئەمەریکی بۆ بنیاتنانی کەرتی پیشەسازی گشتی لە عێراق و لێگرتنەوە لە دەزگاکانیدا، لەجیاتی پشتیوانی ڕاهێنانی ئەو دەزگایانە.

ئێوە ئێستا بەتەنیا ئەو خەباتە دەکەن لەپێناو دابینکردنی گوزەرانی منداڵ و خێزانەکانتان. دڵنیان بن کە ئێوە دەرکتان پێکردووە کە حزبە بۆرژوازیەکان کە جلی دینیان پۆشیوە لەگەڵ هەرکەسێک هاوکاری دەکەن لەپێناو بەرژەوەندیەکانیان، کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشیش بچێت بۆ دۆزەخ، و وڵات بخنکێت لە هەژاری و شێواوی، لەپێناو خۆشی دابەشکردنی سەروەتی وڵات لەنێوان کۆمپانیاکان و دەوڵەت سەرمایەدارەکان.

خەباتتان توندکەنەوە و ڕیزەکانتان یەکخەن، چونکە هیچ فریادڕەسێکتان نییە جگە لە دەست بازووی بەهێزی یەکگرتووتان بۆ وەستانەوە لەبەرامبەر ئەو سەرەتانە بۆگەن و گەندەڵە.

## لە بۆپێشەوەوە

*** بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.**

*** بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێک بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبویێتەوە.**

*** بابەتی بڵاوبوەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. راسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.**

*** درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی راگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.**

**هەڵەبری وتارو بابەتەکان، ئەرکی خاوەنی بابەت و وتارەکانە و بۆپێشەوە بەرپرس نییە لە هەڵەی ئیملایی بابەتەکان... بۆیە هەرکەسێک کە بابەت یان وتار بۆبۆپێشەوە دەنێریت، ئەرکیەتی هەم هەڵەبری ئیملایی و هەم رەچاوی رێنوسی زمانی ستانداردی کوردی بکات بۆ ئەوەی دەرفەتی بڵاوبونەوە بۆ وتارەکەی بکاتەوە.**

*** ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە.**

# کۆیلایەتی ڕێبازێکی لەمێژینەی پارتی و پەکەکە



کۆیلایەتی مێژوویەکی زۆر دورو درێژی هەیە. گەر بگەڕێینەوە بۆمێژووی کۆن سەردەمانێک پاشاو میرەکان و دەوڵەمەندەکان خەڵکی ڕەش و ڕوتیان ئەکڕی و ئەفرۆشت و بازرگانیان پێوەدەکردن لەپێناو خزمەتکردن، بەڵام لە ئەمڕۆدا کۆیلاتی ڕێڕەوێکی تری وەرگرتووە یەکێ لەکێشەکانی کۆیلایەتی ئەوەیە کە کۆیلەدار هەمیشە عاقڵترە لە کۆیلە، چونکە لە کۆیلایەتیدا، کۆیلەدار بەس خۆی بۆی هەیە بیربکاتەوە. دەی عەقڵیش بە بیرکردنەوە ئەپێورێ. کۆیلە بۆی نییە فەلەکی عەقڵی خۆی هەبێت، تەنیا بۆی هەیە لە فەلەکی عەقڵی کۆیلەداردا بسوڕێتەوە. کێشەکەش هەر ئەوەنییە کە فەلەکی یەکەم وجودی نییە، کێشەکە ئەوەیە فەلەکی دووەم، فەلەکی بێعەقڵییە! چونکە "عاقڵیی تۆ" پرۆسەیەکە، تەنیا لە فەلەکی عەقڵی خۆتدا ڕووئەدا. مەسەلەن لەناو پارتیدا تۆ بەحری علومیش بیت، هەر مەسعود عاقڵترە لە تۆ! چونکە چوارچێوەکە ئەو ئەیکێشێ و تۆ لەو چوارچێوەیەدا ئەنووسیت و ئەڵێیت و ئەجوڵێیت. کۆیلەی مەسڵەحەت و کۆیلەی ئایدۆلۆژیا، هیچ فەرقی نییە و کۆیلە هەر کۆیلەیەو هەموویان هەر قورمیش ئەکرێن. کێشەکەش هەر ئەوەنییە کە قورمیش ئەکرێن، کێشەکە ئەوەیە زۆرجار بێ قورمیشیش کاری خۆیان ئەکەن و خزمەتگوزاری و کۆیلایەتی بێبەرامبەر پێشکەش ئەکەن! بۆچی؟ چونکە (کۆیلە وەلائی بۆ کۆیلایەتی هەیە) . لەڕاستیدا کێشەی گەورەی کۆیلایەتی، ئەو پەیوەندییە ناقۆڵایە نییە کە لەنێوان کۆیلەو کۆیلەداردا هەیە، بەڵکو کێشەکە، ئەو وەلائەیە کە کۆیلە بۆ کۆیلایەتی هەیەتی و بۆی دروست ئەبێت ئینسان بە ئازادی ئینسانە، ڕەبتێکی وجودیی لەنێوان ئینسان و ئازادییدا هەیەو مرۆڤ بەفیترەت ئینتیماو وەلائی بۆ ئازادی هەیە. کاتێکیش کە ئینسان ئیختیاری نامێنێت، بۆی قورسە کە ئیختیاری نەماوە، ئیتر لەڕێگەی نیشاندانی وەلائێکی توندەوە بۆ دۆخە ناچارییەکەی، ئەیەوێ پێمان بڵێ، ئەو ئازادەو بە ئیختیاری خۆی وایە! یەعنی مرۆڤ هێندە بۆی قورسە، کە ئازادی و ئیختیاری نەماوە، دێ وەکو ڕەدی ئیعتبار، ئازادی و ئیختیاری بەدیل بۆ خۆی دروست دەکا. لەڕاستیدا ئەگەر کۆیلەیی بکەیت بە دە بەشەوە، مرۆڤ تەنیا لە بەشێکیدا ناچارە، لە نۆ بەشیدا ئینسان لەڕێگەی (وەلائەوە بۆ ناچاریی) ئەیەوێ بڵێ من ئازادم، قوڕەکەش ئا لەم نۆ بەشەدا خەست ئەبێتەوە، چونکە لێرەدا کۆیلەیی یەکسان ئەبێ بە ئازادی! ئینجا ئەپرسم لەم دۆخەی ئێستادا، بۆچی پەکەکەو پارتییەکانی خوارەوە بە زمانی شەڕو تەخوین ئەدوێن و ئەوانەی سەرەوە بە زمانێکی بڕێک عەقڵانی و بەرپرسانە؟ چونکە ئەوانەی سەرەوە، بە هەموو بێعەقڵییەکانیشیانەوە، دواجار لە مەوقیعی عەقڵی حیزبدان، بەڵام ئەوانەی خوارەوە بە هەموو مەعریفەتێکیشیانەوە، دواجار لە مەوقیعی بێعەقڵی حیزبدان و جگە لە ڕۆبۆت و تووتی شتێکی تر نین! ئەمەوێ بڵێم، زمانی کۆیلە، بەزەرورەت زمانی شەڕو سڕینەوەو تەخوینە، چونکە زمانی عەقڵ نییە. زمانی ئاشتی و پێکەوەژیان و بەرپرسیارێتی.. تەنیا لە عەقڵەوە دێ و ئەگەر یەکێ لە مەوقیعی عەقڵا نەبێت، ناتوانێ ئەم زمانەی هەبێت. زۆرجار پێمانوایە ئەوە دوژمن و موعادەلە ئێقلیمییەکەیە کە ئەماندەن بەیەکا.. ئەوە ڕاستە، بەڵام عەکسەکەشی هەر ڕاستە!یەعنی زۆرجار زروفەکە ڕێگرە لەوەی کە بدەین بەیەکا، ئەگینا ئێمە خۆمان لەسەر پێین بۆ ئەوە! مەسەلەن ئەو ڕقەی پارتییەکان و پەکەکەکان هەیانە لە یەکتر، پێویستی بە دەستێکی دەرەکی نییە ئاگرەکە بکاتەوە، لەڕاستیدا ئاگرەکە خۆی هەیەو هەندێجار زروفەکەو موعادەلەکان ڕێگربوون لەوەی کە داگیرسێ !بڕێک زمانی تەخوین کەمبکەنەوە، لەبەر ئاشتی و برایەتی و ئەم شتانەش نەبێ، لەبەر خیانەت، بۆئەوەی خیانەت دیاربێ و نەبێ بە ژێر تەخوینەوە! کێشەی تەخوین ئەوەیە کە لەناو ئەو خیانەتانەدا کە بۆ یەکتری دائەتاشین، ئەو خیانەتانە ون ئەبن کە بەڕاستی ئەیانکەین. کێشەی تەخوین ئەوەیە کە هەموومانی تیا ئەبین بە خائین بە پاکەکانیشەوە، هەموومانی تیائەبین بە قارەمان بە خائینەکانیشەوە! بەڵام لە غیابی زمانی تەخویندا، خائین ئەگەر هەبێ، ڕووتوقووت ئەبێتەوەو تەریک ئەکەوێ. گەورەترین کێشەی تەخوین ئەوەیە کە خیانەت ئاسایی ئەکاتەوە! من و تۆ کە بەردەوام یەکتری تەخوین ئەکەین، لەڕاستیدا یەکتری هان ئەدەین بۆ خیانەت، چونکە ئەگەر بشیکەین شتێکی غەریبمان نەکردوە، هەرئەوەمان کردوە کە بەردەوام بە یەکتری ئەڵێین و ئەوەندەشمان وتووە، کە ئیتر شتەکە ئاسایی بووەو شۆک و باجی نەماوە. جا ئێستا ئەوە هیچ پارتییەکان و پەکەکەکانی خوارەوە، بە زمانی زبڵ و زێراب بەرامبەر یەک ئەدوێن، وەلێ هەندێکی تر کە نە پارتین و نە پەکەکەن، یەعنی نە سەلکی سیرن نە قنچکی پیاز، کەچی لەبری قسەی خێر یان لانیکەم بێدەنگی، خەریکی خۆشکردنی ئاگرەکەن! ئەمانە کۆیلەی ئەو دوو حیزبەنین، چونکە ڕەبتیان بەو دوو حیزبەوە نییە، ئەمانە تەنیا کۆیلەی شەڕن، کە ئەمە خراپترین جۆری کۆیلەییە !کۆیلەی شەڕ ئەوەیە، هەمیشە شەڕێک دێ و ئەتوانێ تۆ بتباتە ناو خۆیەوە، بەڵام تۆ ناتوانی نەچیتە ناویەوە. زۆر بەکورتی لای من مەسەلەکە ئەوەنییە کێ خائینەو کێ شۆڕشگێڕ، مەسەلەکە ئەوەیە کە شەڕەکە نەبێت، خیانەتیش ئەوەیە کە شەڕەکەببێت

**شوانە حەسەن ئەبوبەکر**

# ماریا هەورامی و قیرەقیڕی مەلا

هەفتەی پێشوو ماریا هەورامی هونەرمەند لە دەستپێشکەریەکی هونەری ناوازەدا، کلیپی "دڵەکەم"ی بەشێوەی ڕاستەوخۆ و زیندو لە شەقامی سالمی سلێمانی پێشکەش کرد. پێشکەش کردنی ئەم گۆرانییە بە شێوەی ڕاستەوخۆ و لەیەکێک لە شەقامە سەرەکی و پڕ لاوی دڵپڕ لەهیوا، هەنگاوێکی نوێ و ئازایەتیەکی ناوازەی هونەرمەندی نیشاندا. ئەم دەستپێشکەرییەی ماریا هەورامی و گوێزانەوەی پێشکەش کردنی کلیپ لە هۆڵ و قاعە و ستۆدیۆکانەوە بۆ ناو شەقامێکی سەرەکی و وتنی بەشێوەی ڕاستەوخۆ... بووە مایەی پێشوازی گەرمی لاوان و تازە لاوان و عاشقانی هونەرو




گۆرانی... بەڵام وەکو هەمیشە
بەشێک لە مەلا بەلاشخۆرەکانی کوردستان هەراسان بوون و دەماری ئیسلامی داعشیان بزواو کەوتنە سوکایەتی کردن بە ماریای هونەرمەند و بە لاوانی عاشقی هونەرو بە هاوڵاتیانی تامەزرۆی خۆشی و شادی. بەڵێ ئەو ڕیزە لە مەلا کە لەبەرامبەر کوشتنی بەردەوامی ژنان، لە بەرامبەر دڕندەیی داعش و ڕێکخراوەی داعش، لەبەرامبەر بە کڕین و فرۆشتنی ژنانەوە لەلایەن داعش و هاوشێوەکانیانەوە، نوزەیان لێوە نەهات و بە واجبی شەرعی!! یان، زانی... کەچی لەبەرامبەر کارێکی هونەری شێواز نوێدا، گڕیان گرت و ماشینی سوکایەتیکردنیان بە ماریا و هاوڵاتیان، وەرێخستووە. ئەوەی ئەو مەلایانە دەیکەن نە تازەیەو نە دەتوانێت بەر بەرەوتی مەدەنیەتی کۆمەڵگەو کرانەوەی بگرێت. دیارە بێدەنگی دەسەڵاتی سیاسی لەبەرامبەر بەو مەلایانەدا، هاوسۆزی ئەو دەسەڵاتە لەگەڵ عەقڵیەتی ئەو مەلایانەو کەلتوری کۆنەپەرستی پرتوکاوی ناوکۆمەڵگە دەخاتە روو... بەڵام چ مەلاکان و چ دەسەڵاتی پارێزەو و پشت و پەنای مەلاکان و کۆنەپەرستی، دەبێ ئەو راستیە قبوڵ بکەن کە رەوتی لەم جۆرە لە هونەر و دەستپێشکەری تر لەلایەن هونەرمەندانی ئازادیخواز و "ماریا" کانەوە بەری پێناگیرێت و لاوان و هاوڵاتیانی پێشکەوتنخوازی کوردستانیش ئامێزیان بۆ کرانەوەو داهێنان ئاوەڵایەو وەڵامی توندیش بەخێڵی مەلای کۆنەپەرست و دەسەڵاتی سیاسی رەگ لەدواکەوتودا، دەدەنەوە.

# مرۆڤەکان بەنرخن نەک ئاڵاو فکرو دینەکان

عبدالرحمن رسول



کاتێک تووشی ئەزمە و قەیران بوون سیستەمی چەوسێنەر بەدوایی سازکردنی سیناریۆیەکن کەسەرنجی خەڵک بەلای خۆیان ڕابکێشن، بەهۆی ئەو جۆرە سیناریۆوە کەمێک درێژە بەتەمەنی سەرکوت وچەوسانەوەی زیاتر بدەن، ئەمە ئەخلاق وئاکارو ڕەوشتی سەرجەم چەوسێنەرانی مێژوو بووە و تا قۆناغی ئێستای سیستەمی سەرمایەداری. سیستەمی چەوسێنەرانی خێڵایەتی وبۆرژوازی و حیزبایەتی لەباشووری کوردستان و عێراقدا بەردەوام ئامادەباشیان کردووە بۆ سازکردنی سیناریۆ و یان پەلێکشکردنی ڕووداوەکان بۆ سیناریۆی حیزبایەتی بۆئەوەی لەکۆتاییدا لەبەرژەوەندی سیستەمی چەوسێنەرو پارێزەرانی سیستەمی چەوسێنەران کۆتایی پێبێت. لە کاتی هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا ئەگەر موسەنا ئەمینی یەکگرتوویی ئیسلامیی ئەویش لەوێ بوایە هەر وادەبوو، ٢٨ساڵە بە دڕندەترین شێوە حیزبەکانی کوردایەتی وخێڵایەتی کەسوکاری ئەنفالەکان وکیمیاباران کراوان و خەڵکی کرێکارو هەژارو زەحمەتکێش دەچەوسێنەوە ودزی و گەندەڵی دەکەن، گەنجانی کوردستان لە دەریاکان بەهۆی بێزاری و بێکارییەوە کوردستان بەجێ دەهێڵن و دەخنکێن و سەرگەردانی وڵاتانن، هەروەها هەموو ڕۆژێک لەلایەن دەوڵەتی تیرۆریستی ئیسلامی ئێران و تورکیاوە تۆبباران و بۆمبارانی کوردستان دەکەن و کۆمەڵکوژی ئەنجام دەدەن و هەڵسوڕاوانی ئازادیخواز تیرۆر دەکەن لەکوردستان، بەڵام هاوشێوەکانی موسەنا امین و وەزیرو ئەندام پەرلەمانەکان بێدەنگن تەنها خەریکی لوشدانی پارەن ئێستاش دەیانەوێت بەداکۆکیکردن لەئاڵا هەستی خەڵک بەلای خۆیاندا ڕابکێشن. گریانم بۆ خەڵک دێت کە داکۆکی لەم جۆرە سیاسییانە دەکات دڵخۆشە پێیان کە بازرگانی دەکەن نەک سیاسەت دەکەن. بەهۆی بێکاری هەژاری ودزی وگەندەڵی گەنجانی کوردستان لەدەریاکان خنکان هیچ وەزیرو ئەندام پەرلەمانێک نەهاتە دەنگ. حیزبەکەی یەکگرتوویی ئیسلامیی کوردستان نییە لەگەڵ هاوڕێکانی حیزبە هاوشێوە ئیسلامییەکانی تریان وەک کۆمەڵی ئیسلامی کە لە کاتی گووتنی سروودی ئەی ڕەقیبدا هەرگیز ڕێزیان لێ نەگرتووە، بەڵام دیارە بانێکەوە چەند هەوایە، لەبەرئەوەی ئیسلامییەکان لەکوردستان و عێراق گرۆڵەیان بەرەو لێژی دەچێت خەڵکی کوردستان هەروەک حیزبەکانی یەکێتی و پارتی لێیان بێزارە، بۆیە پەنا بۆ ئەم جۆرە سیناریۆنە دەبەن، مەلاکانی ئیسلامییەکانن بەردەوام هێرش دەکەنە سەر ئازادییەکان وهێرش دەکەنە سەر هونەرمەندان وکەسانی ئازادیخوازو سیکۆلارو پێشکەوتنخواز، نموونەش هەرچی داعش و کۆنەپەرستی کۆمەڵگەیە هێرشیان کردۆتە سەر هونەرمەند ماریا هەورامی، ئەم هونەرە بۆتە دڕک و چووە بە ناوچاوی داعشەکانی کۆمەڵگەدا، کەواتە با ماریاکان هەبن و سەرشەقامەکان بە میوزیک و گۆرانی بشڵەقینن مەلا هەڵۆ کە زۆر بێشەرمانە هێرش دەکاتە سەر هونەرمەند ماریا هەورامی وسوکایەتی پێدەکات، پێویستە ئازادیخوازان ویەکسانیخوازو سیکۆلارو پێشەکەوتنخوازان بێنە مەیدان داوای دادگاییکردنی مەلا هەڵۆ و ئەو مەلایانەی کە سوکایەتیان بەم هونەرمەندە کردووە بکەن. کۆنەخوازان وپارێزەرانی دەسەڵاتی چەوسێنەری کوردایەتی بەردەوام دەیانەوێت تەمەنی خۆیان درێژبکەنەوە، باشترین میکانیزمیش بەدەستیانەوە بیروباوەری کۆنەپەرستی ودواکەوتووانەیە بۆڕابردوو. ئەمە ڕاستە، بەڵام قۆناغی ئێستا بەهۆی هەبوونی وشیاری خەڵکەوە ئەوەش دادیان نادات. حیزبەکانی دەسەڵات لە ژێر ئاڵای کوردستاندا کەشیوەنی بۆدەکەن بەرزی دەکەنەوە ڕیکلامیش بۆ سواڵکردنی هەژاران دەکەن وگەشە بە بێکاری وهەژاری وئاوارەی دەدەن. لە جیاتی موزایەدەکردن بە ڕوفاتی ئەنفالکراوانەوە، با ئەنفالچی و موستەشار و تاوانباران بدرێنە دادگا و داڵدە نەدرێن کە ٢٨ ساڵە داڵدەیان داون وخزمەتیان دەکەن. ئەبێت خەڵکی ناڕازی بەجۆرێک خۆی ڕێکخراو بکات کە سەرۆکی حیزبەکان و حیزبەکان نەتوانن کاریگەریان بەسەرەوە هەبێت، ناکرێت خەڵک چاوەڕوانی لەهیچ حیزبێک بکات، ئەبێت تەنها خۆی بێت، بۆئەوەی جارێکی تر دەستەیەک بەناوی کوردایەتی و نیشتمان پەروەری نەتوانن خەڵک کۆیلە و چەوساوە و بێکارو هەژار بکەن. باشترین نەخشە ڕێگاش گەشەدان بە بزووتنەوەی شوورایییە کە لەچوارچێوەی تێکۆشانێکی هاوبەشی یەکگرتووانەدا داوایی (نان، کار، ئازادی، خۆبەڕێوەبەری شوورایی بکات) پێویستە لەهەر شارو ناوچەیەک و وڵاتێکی کە دڵت بۆ ئازادی لێ دەدات، کاتێک ڕۆژنامەنووس و نووسەر و سیاسیەک زیندانی کرا بە پەلە دوایی ئازاد بوونی بکرێت، کاتێک ژنێک کوژرا لە ژێر هەر بیانوێکدا بێت بەیەکەوە کوشتنەکەی ڕیسوا وشەرمەزار بکرێت داوایی بە سزا گەیاندن ودادگایی کردنی بکوژەکەی بکرێت، کاتێک هەژارێک برسی دەبێت هەموولایەک هاوکار بکەین بۆ ئەوەی ناچاری سواڵ کردن نەبێت، ئەم جۆرە تێکۆشانە یەکگرتووانە گەشە پێ بدەین هەتا سیستەم و دەسەڵاتی گەندەڵ و دزو چەوسێنەر بەیەکەوە دەگۆڕین، دواتریش لەدوایی نەمانی سیستەمی چەوسێنەر شووراکانی خەڵک حکومەتی شوورایی خۆیان دابمەزرێنن خەڵک یاسا و دەستوور بۆ خۆی دابنێت نەک سەرۆکی حیزبەکان و خێڵەکان، بۆ ئەوەی نان، کار ، ئازادی بۆ هەموان بێت بەبێ جیاوازی. پرسیارە دروستەکە ئەوەیە ئایا مرۆڤەکان گرینگترن یان ئاڵاکان کەشەڕیان لەسەربکرێت؟! دەبێت هەر مرۆڤێک کەخاوەن عەقڵ و وشیاری بێت بەهەبوونی هەرجۆرە جیاوازیەک لە فکرو بیرکردنەوەی دا وەڵام بداتەوە، ئایا ئاڵاکان ودینەکان نرخ وبەهایان چییە کاتێک مرۆڤێک برسی وبێ نان وبێکار وبێ ئازادی دەبێت. ئەگەرنان، کار، ئازادی بۆ هەموان بێت بەبێ جیاوازی ئەوا هەموو مرۆڤەکان چ ئاڵا ودینێکیان پێ خۆشە دەتوانن لایەنگری بکەن ورەخنەش بگرن ورەخنەش لەدین وبیروباوەر وفکری وبۆچوونەکان بگیرێت. بەڵام کەئازادی نەبێت سەرکوت وزیندان وسێدارەو کوشتن و شەڕو ئاوارەیی دەبێت، کە نان و کار نەبێت هەژاری دەبێت...

## کەمپەینی کەم ئەندامان... ریسوایی حکومەت و دەسەڵات

کەم ئەندامان یان خاوەن پێدوایستیە تایبەتەکانی کوردستان، بۆ ئەوەی بژین و ژیان بکەن، ئاە و ناڵەیان تا دەگاتە هاوارو نارەزایەتیان بەرامبەر بەدەسەڵات وەستانی بۆ نییە... خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان کە زوربەی هەرەزۆریان بەهۆی نائەمنی شوینی کار، ڕووداوی سەیارە، پێشمەرگایەتی.... بەشیک یان ئەندامێکی جەستەیان لەدەستداوە، بێبەشترین توێژی کۆمەڵگەی کوردستانن... ئەم خاوەن پێداویستیە تایبەتیانە، کە دەبوو ماف و ئیمتیازاتی تایبەت و ریز و پێداویستیەکانی ژیان و هاتوچۆیان بۆ فەراهەم کرابا، داهاتی زۆرتریان خرابایە بەردەست، لە ریزی



پێشەوەی کارنامەی دەسەڵاتدا ئاوڕیان لێبدرایەتەوەو موچەی کافی و هاوکاری تایبەتیان کرابا... کەچی موچەیەکی ١٥٠ هەزاریان بۆ بەڕەوا نابینن... ئەمەش وای کردووە ئەم توێژە ئیرادەیان وردبکرێت و کەسایەتیان تێکبشکێنرێت...

بەڵی کەم ئەندامان بەهۆی بێدەربەستی دەسەڵاتدارانی تەسەل و دزی کوردستان، ناچار بە پاڕانەوەکراون... ناچار کراون بۆ ژیانیان و مانەوەیان کەمپەینی کۆکردنەوەی کۆمەک و پێداویستی وەڕیبخەن، تا ئەوانەی پارەدارن ویژدانیان ببزوێت دەستی هاوکاری بۆ خاوەن پێداویستییەکان درێژ بکەن... ئەم کەمپەین وەریخستنە وە هاوکاری هاوڵاتیان بەو کەم ئەندامانە بۆتە کارێکی ناچاری و ئەرکێکی ئینسانی... بەڵام بەو ئەندازەی هاوکاری هاوڵاتیان جێگای تەقدیر و دڵسۆزییە، هەزاران جار ریسوایی دەسەڵات و حکومەت!! دەخاتە روو... خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان سواڵکەر نین، ئینسانی کەمتر نین، خاوەن شکۆ و هەستی ئینسانین... نابێ ڕیگەبدرێت شکۆیان وردبکرێت و لەرێگای خێرو سەدەقەوە ژیانی خۆیان و ماڵ و منالّیان، دابین بکرێت... حکومەت!! و دەسەڵات بەرپرسن ژیانی ئەو توێژەو خیزانەکانیان مسۆگەر بکەن و پێداویستیەکانی ژیان و تەندروستی و بەڕیوەچوونیان بۆ فەراهەم بکەن...

**بنیاتنانی ئاییندەو جیهانێکی باشتر، بەدەستی خودی ئینسان، زەروری و مەیسەرە...پێویست و لە توانادایە ...**

# جەندەر و زمان: توندوتیژیی زمانەوانیی



نووسینی: کازیوە ساڵح

## بەشی یەکەم

گەرچی میتۆد و فۆرمەکانی توندوتیژیی بە شێوەی بەرفراوان شروڤەکراوە، بەڵام باسی توندوتیژی زیاتر لە ڕوانگەی توندوتیژیی جەستەیەوە ئەکرێت، کە توندوتیژیی کەسییە. بنەمای توندوتیژیی بە بۆچوونی من دەزگاییە و توندوتیژیی جەستەیەش ئاکاری ژێر لقی یەک جۆرە لە توندوتیژییە دەزگایەکان. بە پێی لێکۆڵینەوەکان دوو جۆر توندوتیژیی بوونی هەیە، یەکێکی دەزگای و یەکێکی کەسی. بەڵام من پێم وایە کەسێکەش هەر دەزگاییە و بوونی توندوتیژیی کەسی تەنها لە میانەی ڕێگەدانی دەزگاییەوەیە، واتە لە کەوتنی داوەریدا بەرهەم دێت.

هانا ئەرەنت (١٩٧٠) پێی وایە "توندوتیژیی هیچ نییە جگە لە سیمایەکی دیارو بێ شەرمی هێماکانی دەسەلات" (ل.٣٥). ئەم پێناسەیەش هێمابەخشە بەوەی کە توندوتیژیی هەڵگری فۆرمی جیاوازە، هێندەی جیاوازی و جۆری دەسەڵاتەکان. ئەم بابەتە ئەو ئارگیومەنتە ئەوروژێنت کە زمانی دەسەڵات جەندەری هەیە، هەرچی بێت جۆری دەسەڵاتەکە، سیاسی، کۆمەڵایەتی ، ئابوری، کولتوری وئاینی جەندەر تێدا چالاکە. هەر یەک لەم دەسەڵاتانە باس لە جەندەری زمان و زمانی جەندەر ئەکات. ئەم جەندەرە زمانەوانییەی لێرەدا باسی دەکەم ئەو جەندەرە نییە کە ڕۆژئاوا لە ڕووی بە کارهێنانی سیفەتی زمانەوانییەوە بۆ جیاکردنەوەی نێر و مێ باسی لێوە دەکات، بەڵکو زمانی کوردی دیالەکتیکی سۆرانی* تا ئاستێک یەکرەگەزە لە کاتی گوزارشتکردن لە مرۆڤ، بەڵام بۆ ئاژەڵ جیاوازی نێر و مێ لە میانەی ناوەکە خۆی نەک پێشگر و پاشگر دەرئەکەوێت. ئەکرێت ئەمەش یەکێک لە سیفەتە باشەکانی زمانی کوردی بێت بە سەر هەموو ئەو زمانانەی کە ڕەگەزی نێر و مێ لە مرۆڤەوە هەتا ئاژەڵ جیا ئەکاتەوە. بەڵام ئەم بابەتە دەخوازێت لە جەندەری ئەو سیما بێ شەرمەی دەسەڵات بنوارێت کە بە بۆچوونی ئارەنت بەرهەم هێنەری توندوتیژییە.

جگە لەو لایەنە ڕوناکی ئەخاتە سەر چەند خاڵێک لە مەڕ شکستیەکانی دەربڕین لە نێو هەردوو کۆمەڵی ڕۆهەڵاتی و ڕۆژئاواییدا و ئەو دەستەواژانەی لە ژیانی ڕۆژانەدا بەکاردەهێنرێت بە دەستەواژەی مردوو یان زمانی مردوو - بێ کەڵک بۆ بەکارهێنان ناوزەد ئەکەم. دواتر تێوەلکانی ڕەهەندەکانی زمان و ڕەوشت بەرانبەر ژن ڕاڤە ئەکات و هەوڵ ئەدات دووفاقیەکانی بەرجەستەکردنی ڕەوشت ناو بنێت 'ڕەوشتی تیوری و ڕەوشتی پراکتیکی' لە میانەیەوە دووفاقیەتی مامەڵەی مرۆڤایەتی بەرجەستە بکات لە نێو ئەو کۆمەڵانەی وەکو کورد خاوەنی تیوری زانستی نین لە سیستمی بەڕێوەبردندا، لەم دووفاقیەشدا ژن دەکرێت بە قوربانی یەکەم. لە کۆتاییدا ئەم وتارە ئاماژە بەو دەستەواژە زمانەوانییانە ئەکات ئاژەڵی تیا ئەکرێت بە قوربانی و لە میانەیی ئەم دەستەواژانەشەوە ڕوون دەبێتەوە کە کۆمەڵی کوردی ژن و ئاژەڵی وەکو دوو بوونەوەری بێ بەها وبێ نرخ چوواندوە.

پێناسەی هەردوو چەمکی دەسەڵات و توندتیژی پارتریارکیە، لەگەڵ بیستنیدا نێر لە ئاوەزدا ئامادەیی هەیە، ئەمەش مانای ئەوەیە هەردوو چەمکەکە بەرگی جیاوازی جەندەری و پیاوانەی پۆشیوە. ئەمەش پەیوەندی بە توخمی وشەکانەوە نییە ئەوەندەی پابەندە بە و وزە نەرێییە دەسەڵاتی پەرتریارکی بە چەمکەکانی بەخشیوە. ئەو وزە نەریەیەش توخمی نێر خۆی نەبەخشیوە، بەو بەڵگەی مناڵێک کە لە دایک ئەبێت نێر بێت یان مێ توخمێک نەرینی نییە، بەڵکو ئەرییە. بە بەخشین و لێسەندنەوەی دەسەڵات ئەبن بە دوو توخمی جیاواز و لایەک ئەخاتە چوارچێوەی پاسیڤ و لایەک ئاکتیڤ. بە دەستگرتنی توخمی نێر بە سەر بوارە سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی و کولتووردیەکاندا ئاراستەیەکی توندتیژیشی پێ بەخشیوە. چوون باوەڕم هاوتەریبە لە گەڵ ڕای ئەرەنت کە زانستی 'بێژەزانی' تێرمەنۆلۆجی هەر یەک لە دەسەڵات، هێز، زۆرداری، فەرمانڕەوایی و توندتیژی دیاردەی جیاوازن، بەڵام لەوێدا یەکن کە یەک سەرچاوەیان هەیە. بوونی هەر یەک لەم تێرمانە لە بوونی ئاکارەکەدایە.

لەلایەک لەبەر هەر یەک لەو ئاکارە نێرانەن و چەمکەکانیش داهێنانی نێرن، لە لایەکی دی، لەبەرئەوەی ئەو هێزەی دەزگایە جەندەریە بەردەوام وایانبینیوە ژن بە کەڵکی سیاسەت، وەرزش ، دەستەبەرکردنی هێزی دەزگای و ئەو کارانە نایەت کە پرۆفیشنالیزمی ئەوێت. لە کاتێکدا ئەزموون پێچەوانەی سەلماندووە وەکو کردار، بەڵام وەکو کولتوور باوەڕە کە جێگیرە، چوونکە ژن بەرهەمهێنەری زۆرداری و توندوتیژیی نییە. لێرەدا باسی ڕێژەیی گشتی ئەکەین نەک تاکڕەو. توندوتیژیی زمانەوانیی ڕەگەزی نێر بەرانبەر بە ڕەگەزی مێ لە گاڵتەو نوکتەکانی مناڵییەوە دەست پێ دەکات بۆ زمانە زبرەکانی گەورەیی و زمانە بکوژەکانی دەسەڵاتە تۆلیتاریەکان کۆتایی دێت. کەواتە زمان لە بنەمادا دەزگاییە، لە دەزگەی خێزانەوە بۆ دەزگە و دەرگە گەورەکەی کۆمەڵگەو بۆ دەزگە داپلۆسێنەرەکان ڕژێم سەرکوتکارەکان. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە زمان دەزگەیەکە زیانە سایکۆلۆژیەکانی لە زیانە جەستەیەکانی زیاترە. کەواتە توندوتیژیی جەستەیی کە لە میانەی توندوتیژیی خێزانەوە زیاتر دێتە نێو گفتوگۆ سەبتایتڵی بابەتێکی گەورەتر و وێنەیەکی بچووکی لکێنراوە بە دامێنی وێنە گەورەکەی توندوتیژییە.

ژمارەیەک چالاکوان هەوڵ ئەدەن زمانەکە بگۆڕن، کۆمەڵێک وشە و دەستەواژە بگۆڕن بە کۆمەڵێک دەستەواژەی دی کە هەمان واتا ببەخشن، بەڵام لەرینەوەی بێ حورمەتی لە گوێدا کەمتر بێت. ئەمە ئەو ئاکارەیە من دژیم، پێم وایە لە چارەسەری ئەو بە ساڵاچووە نەشارەزا ئەچێت بۆ هەر ئازارێکی جەستەی دەچێتە دەرمانخانەی گەڕەک و داوای لێدانی دەرزێکی لێ ئەکات بە بێ ئەوەی لە سەرچاوەی ئازارەکە بگات و هۆکارەکانی چارەسەر بکرێت. من پێم وایە پێویستە دەزگاکە بگۆردرێت نەک وشەکان. گۆڕینی وشە و دەستەواژەکان هیچ لە کرۆکی کێشەکان ناگۆڕیت، کە دەزگاش گۆڕا وشەکان لە بوونیشیاندا نائامادەن. باوەڕم بەو بۆچوونەی کارل مارکس (١٩٧٩) هەیە کە پێی وایە گۆڕینی زمان وەکو گۆڕینی یاساییە، کاریگەری لە سەر فۆرم هەیە نەک ناوەرۆک، بەڵکو پیویستە کولتوور بگۆڕدرێت. بەڵام لە راستیدا کولتوور چەمکێکی فراوانە، وێنەی چەترێکە سەرجەم هەمانەکان ژیان لە ژێردا هەڵواسراوە و یەکێکێشیان زمانە. واتە زمانە بەشێکە لە دەزگایەکی گەورەتر. بەڵام ئەو دەزگا گەورەیەش چەند دەزگای دیکەی لە ناودایە کە بەڕێوەبردنی ژیانیان پێ سپێدراوە وهەر یەک لەو دەزگایانەش جەندەرایز کراون بە پێی ئەو دەرهاویشتە توندوتیژانەی بەرهەمیان هێناوە، ئەو ئاکارانەش پیویستی بە بەرهەمهێنانی زمانی توندتوتیژی وەکو هێز، دەسەڵات، زۆرداری، داگیرکاری، و ..تد هەیە، ژن لەبەرئەوەی بەرهەم هێنەری سەرەکیان نییە و هەر یەک لەو چەمکانە و زمان و هێمای دەسەڵات بە گشتی بە هەموو جۆرەکانیەوە جەندەرایز کراوە و بووە بە موڵکی یەک ڕەگەز. یەک ڕەگەزێکەشی یەک مۆرکی دەزگایی بە زمان بەخشیوە ودوو مۆرکی توندوتیژیی.

لە سەرو هەموو لێکدانەوەکان، لۆژیک وئەزموونەکان سەلماندوویانە کە ئەو توخمە گەرچی هەموو شەڕ و توندوتیژییەکان بەرهەم ئەهێنن بۆ کوشتنی یەک، بەڵام لەیەک مەسەلەدا یەکڕیزن ئەویش لە میتۆدی دژایەتیکردنیاندایە دژی دەسەلاتی ژن تەنانەت دەسەلاتە سروشتێ و بایۆلۆجیکەشی. لە هەموو ئەو پێگە دەزگایانەی پێشتر باسمکرد، گەورەترین ترسی پیاو ئەوەیە دەسەلاتی بەرانبەر بە ژن لە دەست بدات، ئەمەش یەکڕیزی کردوون لە مەسەلەی دژایەتیکردنیان و ئەم یەکبوونەشیان جارێکی دی کردوونی بە دەزگا لە ڕووی هێز وقەوارە و بۆچوون و جێگیرکردنی جەندەری زمان و توندوتیژییەکانی .

---

**سەرچاوە:**

• Hannah Arendt, On Violence New York: Harcourt, Brace & ، World, Inc., 1970), p. 35.

• Karl Marx, "On the Jewish Question," The Marx-Engels Reader, ed. Robert C. Tucker, 2nd ed. (New York: W.W. Norton, 1978), esp. pp. 30-36.

***لێرەدا ئاماژەم بە سۆرانی کردووە چوون شارەزای زمانی سۆرانیم**

**لەو کۆمەڵگەیانەدا کە دین و نەریتە کۆنەکان ڕیشەیەکی قووڵتریان لە نێو نیزامی سیاسی و ئیداری و کەلتووریی کۆمەڵگەدا هەیە، ستەمکێشی ژن و بێ مافی و ژێردەستەیی ئەو بەئاشکراترین و قێزەونترین شێوە خۆی دەنوێنێ...**



# پرسی ژن ؟

تووندوتیژی دژ بەژنان، لە هەڕەشەو سوکایەتیەوە بۆ لێدان و تیرۆرکردن، یان ناچارکردنی ژنان بە خۆکوژی، دیاردەیەکی شەرماوەری کۆمەڵگەی کوردستانە... بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکی دا لە ڕێگای وتار، دیمانە، ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشك دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە..

بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن
بۆ پەیوەندی و ناردنی بابەت: shwana.journalist@gmail.com



# ژنان و پیاوان تەنیا بە گوفتار یەکسانن ....!

لێرەوە هەستدەکەم لە ژینگەیەکدا، کە هێشتا ژن خۆی تیاییدا نەکەوتۆتە قسە و ئەگەری ئەوەی بۆ نەرەخساوە لە دەرەوەی گوتاری پیاوان لە خۆی بدوێت باسکردنی ژنان و هەوڵدان بۆ دەستنیشانکردنی خەسڵەت و سیماکانیان، جگە لە نوکتیەکی تاڵی پیاوان، کە بەندیخانەیێکی بەناوی شوناسەوە بۆ ژن دروستکردووە هیچی دی نییە، بەڵام ئایا ئەمە بەمانای ئەوەی واز لە ناسینی ژن بێنین؟ ئایا دەبێت باسی ژنان نەکەین و لە گرفتەکانیان نەکۆڵینەوە؟ ئایا بەشێک لە گرفتی ژنان ناگەڕێتەوە بۆ نەبوونی هوشیاری مرۆڤەکان بەرامبەر بە شوناس و ماف و کێشەکانی ژن؟ ئایا بەشێکی گرنگ لەستراتیژی هەموو بزوتنەوەیەکی ژنان بریتی نییە لە پرۆسەیەکی رۆشنگەری بۆ ناساندنی زیاتری ژن و کێشەکانی؟ ئیدی چۆن دەبێت باسی ژن و گرفتەکانی نەکەین؟

گومانی تیا نییە زانین و تێگەیشتن لە مافەکانی ژن هەنگاوی یەکەم و پێش زەمینەی راستەقینەی هەموو بزوتنەوەیەکی ژنان، بەڵام چ زانینێک بەڕاستی مەبەستم لە زانین چییە و چ کاتێک بەکەسێک دەڵێن دەزانێت؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە لێردا دوو جۆر لە زانین لە یەک جیا دەکەمەوە.

1–زانینی وەهمی ئەمجۆرە زانینە بریتیە لە پرۆسەی کۆکردنەوە و لەبەرکردنی چەند زانیاری و دەقێک و وتنەوەی ... بەبێ ئەوەی ئەم لەبەرکردن و وتنەوەیە بوو بێت بەشێک لە کارەکتەری مرۆڤەکان بەشێوەیەک، کە ئیلتیزامێکی ئەخلاقی و ویژدانیان لەبەرامبەر ئەو زانینەدا بۆ دروستبکات ئەمجۆرە زانینە مرۆڤەکان ناگۆڕێت، بەڵکو دەمامکیان بۆ دروست دەکات هوشیاریان فراوان ناکات، بەڵکو زەخرەفەی دەکات ئەمجۆرە زانینە شێوازێکی خۆ جوانکردن و زەخرەفەکردنێ بێ ئەوەی هیچ بەرپرسیاریک یان ئیلتیزامێک یان حەزی گەڕان بە دوای زانینی زیاتردا دروست بکات ...نمونەی ئەمجۆرە مرۆڤانە ئەو کەسانەن هەموو لەهەموو بۆنەیەکدا خۆیان وەک پارێزەر و داکۆکیکەر لە ژن و مافەکانی پیشاندەدەن، بەڵام لەژیانی واقعی خۆیاندا بچوکترین مافی ژنان پێشێل دەکەن.

٢ –زانینی راستەقینە: ئەمجۆرە زانینە بریتیە لە ئیلتزامێکی ئەخلاقی کەسایەتییەکان بەو شتانەوە، کە دەیزانن و دەبێت بە بەشێک لە کارەکتەریان .... شێوازێک لە زانین، کە لەگەڵ خۆیدا خولیاییەکی بەردەوام بۆ زانینی زیاتر و بەردەوامبوون لە پشکنیندا دروست دەکات، ئەمجۆرە لە زانین ئەو دۆخە تراژیدیەیە، کە هەمیشە هوشیاری هاندەدات لەو دنیایە بپرسێ کە لەناویدا دەژی.

بە کورتی ئەو زانینەی کەسایەتییەکان وا لێناکات زانین بکەن بەشێک لە هوشیاری خۆیان و کارناکەتە سەر پەیوەندیان بەدنیا و دەوروبەرەوە زانین نییە، بەڵکو دەمامکێکی هەڵخەڵەتێنەرە، کە سیمای کۆنخوازی دەشارێتەوە... زانین کۆکردنەوە و وتنەوەی کۆمەڵێک زانیاری نییە کە توتیوار بیڵێینەوە بێ ئەوەی هیچ لەریتمی ژیان و بیرکردنەوەمان بگۆڕێت، بەڵکو ئەو دۆخەی هۆشیاریە کە مرۆ ناچار بەرەخنەگرتن و پرسیارکردن لەو جیهانە دەکات، کە ناهێڵێت زانین تەرجومە بێت بۆ واقع و ببێت بە فاکتێکی هەستپێکراو. ببێت بە بەشێک لە هوشیاری گروپە کۆمەڵایەتییەکان و دواجار نایەوێت ببێ بەهێزێکی مادی، کە هەڕەشە لەدوخی پێش زانین دەکات ... زانین دۆخی ئەو کەسەیە، کە سوکراتی فەیلەسوف لە هەموو کەسێک وردتر پێناسی دەکرد " ئەو کەسەیە تەنها شتێک، کە دەیزانێت کە نازانێت" بەم مانایەش زانین و ناسینی ژن و کێشەکانی بریتی نییە لە کۆمەڵێک زانیاری دەربارەی ژن و کێشەکانی بریتی نییە لە زانیاری دەربارەی ئەو هۆکارەی یاسایی و کۆمەڵایەتیانەی دژی ژنن، بریتی نییە لە دەستنیشانکردنی مافەکانی ژن بە چەند خاڵێک، بەڵکو زانین ئەو پرۆسەیەی هۆشیاریەیە، کە ناچار بە بیرکردنەوە و رەخنەکردنی ئەم جیهانەمان دەکات، کە ئەمڕۆ لەهەموو کاتێک زیاتر دڕندانەیە بەرامبەر بە ژن. زانین بوونی زانیاری نییە بەتەنها، بەڵکو بوونی زانیاری ئەوکاتەی بۆتە بەشێک لە کارەکتەری تاکەکەسەکان و بۆتە بەشێک لە ڕێکخستنی پەیوەندی مرۆڤاکان بە دەوروبەر و جیهانەوە.

ئەوە هەڵوێستی من بەرامبەر دنیا و دەوربەرە رادە و پلەی زانیمان ئاشکرا دەکات، نەک چەندایەتی ئەو زانیاریانەی هەمانە سەردەمێک " مارکس گوتبووی " فەیلەسوفەکان جیهانیان پێناسەی جیاوازی بۆ کراوە ئێستا لە روانگەیەکی ترەوە بۆمان ئاشکرا دەبێت: مەسەلەکە تەنها زانین و پێناسە کردن نییە، بەڵکو هەڵوێستی مرۆڤەکانە بەرامبەر بە دنیا.... ئامانج پێناسە نییە، بەڵکو پێناسە ئەوکاتەی بیر لەگۆڕینی دنیا دەکاتەوە ئەوکاتەی بەر جیهانی دەوروەبەری دەکەوێت، مەسەلەکە بۆ مارکس بێنرخکردنی پێناسە کردنی دنیا نییە، بەڵکو بێنرخکردنی ئەو جۆرە لە سەیرکردن و پێناسە، کە ناکەوێتە رەهەندێکی رەخنەییەوە بەرامبەر بەدنیا.

پەیوەندیەکی جەوهەری لە نێوان زانین و هەڵوێستی ئێمەدا هەیە بەرامبەر بەدنیا، کە یەکێکیان دەبێتە هۆی ئەوەی دیان .... ناکرێ لە مەسەلەی ژن تێگەیشتبین، بەڵام هەڵوێستمان بەرامبەر بەدنیا و دەروربەرمان وەک ئەوکاتە بێت، کە تێنەگەیشتبووین. زانینی راستەقینە کەسایەتیەکان دەگۆڕیت و وایان لێدەکات بەجۆرێکی دی بڕواننە ئەو واقعەی لەناویدا دەژین. زانینی راستەقینە چرکەیەکی سەرەکی جوڵەیە بەرەو گۆڕانکاری و بیرکردنەوە لە دۆخێکی باڵاتر و باشتر، ئەم مەسەلەیەش لەهیچ شتێکدا هێندەی باسکردن لە مەسەلەی ژن ئاشکرا نییە.. ناتوانین باسی ژن و کێشەکانی بکەین ئەگەر بەر ئەو جیهان و واقیعە نەکەوین، کە ژنی لە ناودا دەژی... باسکردنی ژن پەیوەندیەکی راستەوخۆی بە باسکردنی واقعێکەوە هەیە، کە دەبێ بگۆڕێت و وەک خۆی نەمێنێتەوە... لایەنگری ژن و کێشەکانی لایەنگرێکی زارەکی مافەکانی ژن نییە، بەڵکو دەستنیشانکردنی هەڵوێستێکی رەخنەگرانەیە بەرامبەر بە دنیا و کارکردن بۆ گۆڕانی... جۆرێکی تازەیە لە بینین و روانگە، کە رەنگدانەوەی لەسەر رەفتار و کردار و کۆی ژیانی رۆژانەمان هەیە بەڵگەکانی زانین لە رۆژمێری ژیانی رۆژانەدا دەدۆزینەوە نەک لە رادە و ئاستی زانیاریدا.

بەراستیش بۆ ئەوەی ئەو دۆخە تراژیدیە ببینین و بزانین، کە لەناویدا دەژین دەبێ لەمەسەلەی ژن تێبگەین، ناسینی ژن لەهەمانکاتدا ناسینی ئەو واقعە تاڵ و نادادپەروەرەیە، کە مرۆڤەکان لەناویدا دەژین، ناسین و زانین کێشەکانی ژن ئەو بەهەشتە درۆزنانەمان لێدەستێنێ، کە وادەزانین لەناویدا دەژین و بیری رەنج و ئازار و کێشەکانمان دەخاتەوە.

(بەهەشت و ژن) ئەو دوو چەمکە دێرینەی کە لە چیرۆکە هەرە دێرینیەکانی دینەوە بەیەکەوە گرێدراوون، چیرۆکی دەرکردنی ئادەم و حەوا لە بەهەشت، کە لە کتێبە ئاسمانییەکاندا باسکراوە، چیرۆکی دەستگەیشتنی مرۆڤە بەزانین، ئەریک فرۆم و یەکێک لە بیریارە ئیسلامیەکان بەناوی دکتور "عەلی شەریعەت"ی لە خوێندنەوەیاندا بۆ ئەم چیرۆکە ، جەخت لەوە دەکەن ئەو درەختەی حەوا هانی ئادەم دەدات بیخوات درەختی زانینە (لە تەوراتدا بەئاشکرا دەڵێت، کە درەختەکە ناوی درەختی، بەڵام لە قورئاندا ناوی درەختەکە نەهاتووە) واتە ئادەم و حەوا ئەو دەمەی لە درەختی زانین دەخۆن هوشیاری پەیدا دەکەن و بەم هوشیاریەش ئەو دەروربەرەی، کە پێشتر لەناویدا بەبێ هوشیاری دەژیان هەموو ئاشنایەتی و ئارامی خۆی لە دەستدەدات.

ریوایەتێکی شەریعەت!! دەڵێت "هاتنە خوارەوەی ئادەم لە بەهەشتەوە بۆ زەمین.... لە خۆشبەختی و ئاسایشەوە بۆ رەنج و دڵەڕاوکێ هەمان گواستنەوەی مرۆڤە لە ئارامی نەبوونی هوشیاریەوە بۆ دڵەڕاوکێ و رەنج و تەنیایی سەردەمی خودهوشیاری " ئەو گوناهەی ئادەم و حەوا بە هاندانی سەرەکی حەوا بە هاندانی سەرەکی حەوا ئەنجامی دەدەن گوناهی زانین و خود هوشیاریە ... شەریعەت دەڵێت هەربۆیە کاتێک خودا پاش گوناهەکە بانگی ئادەم دەکات بۆ یەکەمجار ئادەم خود هوشیار دەبێت بەرووتی جەستەی خۆی و خێرا هەوڵدەدات رووتی لەشی بشارێتەوە بەم مانایەش دەبوو حەوا سیمبولی زانین و ئیرادە و هوشیاری بێت، ئەو سیمبولە بێت کە مرۆڤ بۆ ئیرادەی زانین و ریسککردن پێویستی پێیەتی، بەڵام ئەو وێنایەی لە کۆمەڵگای پیاوسالاریدا بۆ ژن هەیە تەواو پێچەوانەی ئەو ئاماژانەن، کە تەنانەت لە چیرۆکە دینیەکانەوە سەرچاوە دەگرن لە کۆمەڵگای پیاوسالاریدا ژن وەک بونەوەرەێکی کەم عەقڵ لاواز و بێدەسەڵات وێنا دەکرێت، کە هەمیشە پێویستی بەسەرشتیارێکی پیاو هەیە، کە چاودێری بکات و ئاگای لێبێت. باوک – مێرد – برا هەریەک بەجیا و بەشێوەی جیاواز و لەقۆناغی جیاوازدا خۆیان بەسەرپەرشتیکەر و چاودێر و ئامۆژگاریکەری ژن دادەنێن، ئەوان سنورەکانی رەفتارکردن و نەکردنیان بۆ دەستنیشان دەکەن..

**شوانە حەسەن ئەبوبەکر**

بۆپێشەوە FORWARD

# دەوڵەمەندترین خێزان لە دنیا لە سەعاتێکدا ٤ ملیۆن دۆلار قازانج دەکەن!!!

ئاژانسی هەواڵی( بلومبرگBloomberg )ی ئەمەریکی کە تایبەتە بەهەواڵی بازاڕ و دراوی کۆمپانیاکانی دنیا. ڕۆژی شەممە ١٠ی ئابی ٢٠١٩ لە یەکێک لە هەواڵەکان بەم شێوەیە وەسفی خێزانی والتۆنی ئەمەریکی دەکات کە خاوەنی مارکێتی (والمارت ی ( Walmart هەزار دۆلاری دێتە ٧٠ بەناوبانگن، کە دەوڵەمەنترین خیزانن و سەروەتەکەیان هەر دەقەیەک ملیۆن دۆلار لە هەر سەعاتێکدا. بلومبێرگ ئەوەشی ٤ سەر (واتە قازانج دەکەن)، کە دەکاتە ڕوونکردەوە کە سەروەتەکەیان لە ملیار دۆلار گەیشتۆتە ٣٩ بڕی ملیار دۆلار، دوای ئەوەی لە ١٩١ لیستی سەرەوەی خێزانە دەوڵەمەندەکانی دنیا بوون لە ئاماژەشی بەوەدا کە .٢٠١٨ ساڵی کە خێزانی دیکەی ئەمەریکی هەن بڕێکی زۆر لە سەروەتەکەیان زیادی کردووە، وەک خێزانی خاوەنی (Mars مارس)



ملیار دۆلار لە ٣٧ کۆمپانیاکانی پیشەسازی شیرینی کە هەمان ناوی هەیە (مارس)، بڕی ملیار دۆلار. هەروەها خێزانی ( کۆچ ١٢٧ سەروەتەکەیان زیادیکردووە بۆ ئەوەی بگاتە کە خاوەنی کۆمپانیای دار و نەوت و پاڵاوگەی نەوتن. (KOCH industries inc .ملیار دۆلار ١٢٥ ملیاری زیاد کردووە و گەیشتۆتە ٢٦ سەروەتەکەیان

بەبەراورد بەو خێزانانەی سەرەوە و بەپێی ڕێکخراوی غالوبی نێونەتەوەیی، لە دوایین ی دانیشتوانی جیهاد ٢٢٪ ،وڵات لە جیهان کردوویانە ١٣١ ئامارەکانی خۆیدا کە لەسەر دۆلار یان ٢ یشـ لە سەر٢٨٪ دۆلار یان کەمتر لە ڕۆژێکدا دەژین. هەروەها لە١,٢٥ لەسەر .کەمتر دەژین

ئەمە لەکاتێکدایە کە بانکی نێودەوڵەتی لە هەوڵدایە بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی هەژاری لە دنیا ئەمەش کاری جدی دەوێت بۆ گەشەی ئابووری ٢٠٣٠. تێنەپەڕێنێت تا سڵاڵیـ ٣٪ بەجۆرێک و پەیداکردنی هەلی کار. هەروەها ڕووبەڕووبوونەوەی ترسی ئاشتی کۆمەڵایەتی دەکرێت کە هەڕەشە لە زۆرێک ناوچە دەکات. ئەمەش پێویستی بە ئیرادەیەکی سیاسی ڕاستەقینە و چارەسەری جدی هەیە بۆ گەڕاندنەوەی تەرازووی سەرمایەی جیهانی، بەبێ ئەوەی فشار .بەرەو زیادکردنی کێشەی هەژاری لە جیهان بکات

ئەم ئامارەی سەرەوە ئەو ڕاستیە نیشان دەدات کە بە هەر ئەندازە سەرمایەداری و سەرمایەداران داهات و قازانجیان بچێتە سەرەوە لەبەرامبەردا ئۆردوی کارگەر و بێبەشانی دنیا بێبەش تر دەبن و گوشارەکانی نیزامی سەرمایەداری لەسەریان زیاد دەکات...

**ئامادەکردنی ئاراس ڕەشید**

## بەرهەمی تازەی هونەرمەند هیوا سالح




# گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان ڕێك دەخات...

**ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر و هیوا ساڵح، حەکیم میرزا**

## بەشیکی تر لە دەقی
## ئەمەوێت دەستێك لە مردن ڕاگرم



ووردە شوشەی قاوەیی
لە چاوەکانم دەکەوێتە
خوارەوەو
دراوسێکانیشم ، لای
پیاوێکی فالچی
دووگمەی ستیانەکانیان
دەترازێنن.

هەراسانم دەکات
ئەم هاتوو چۆیەی خۆم ،
هەراسانم دەکات
غەلبە غەلبەکانم ، بۆ
ناخرێتەوە شوێنی خۆیان و

بەقەد ئەم دەڤەرە ویران
کراوە ،
کۆترە شینکە دەناسم
کەچی بەیانیەکی سەرسپیم
، بۆ نابرێتە بەردەرگای
کڵێسەیەکی بێ ناونیشان!!!

ووردەشووشەی قاوەیی،
لە چاوەکانم دەکەوێیتە
خوارەوەو
کەچی نازانم من لە کوێوە
هاتووم
ئاخ وێرانەیە ، ئەم
دەڤەرە وێرانەیە
مردووەکان بەیانیان بۆ
پیاسە دێنەدەرەوەو
ئێوارانیش بە کۆڵێك
زامەوە ، دەگەڕێنەوە
ماڵەوە
هیچ شتێکم لەسەر خۆم
بۆ نانووسرێت!
ناتوانم بە هاوڕێکەم بڵێم
:
با پیاسەیەك بەلای ماڵی
ئەنوەری مەجید سوڵتانا
بکەین و
گوێیەك لە شەقەی باڵی
کۆترە شاملیەکانی بگرین.
ووردەشووشەی قاوەیی

لە چاوەکانم دەکەوێتە
خوارەوەو
کەچی بەتەمام کتێبی ناو
کتێبخانەکەم بفرۆشم و
بە مردووەکان بڵێم;
ئێتر لەمەو لا ئێوە
دەخوێنمەوە
ئێوە دەنووسمەوە
ئەم دەڤەرە پڕە لە
گۆمی قووڵ و
بێزاری باران و
ڕوو ڕەشی ڕەشەبا.

هەراسانم دەکەن!! .
ئەوانەی بە پێڵاوی
بریسکەدارەوە ،
دەڕۆنە هۆڵی پەرلەمانەوە
هەراسانم دەکەن ،
لەپێستی خۆم دەرم
دەکەنە دەرێ.

هەموو شتێك ڕادەگرم!!!
من. تێ ناگەم ،
لە چوونە دەرەوەی خۆم
تێ ناگەم
ئاخر...
کە گوێم لە بانگی بەیانیان
دەبێت
ئەو پیاوەم بیر
دەکەوێتەوە
کە لە ژووری مردوو شۆری
مزگەوتێکدا ،
ئەتکیان کرد.

چاوەکانم ، ووردە
شوشەی قاوەیی لێ
دەکەوێتە خوارەوە
ماموستای وانەی دین
،بەگۆچانێکی خوارو
خێچەوە
بەلاما دەڕوات.
دایکم پێم دەڵێت;
کوڕم لە کەلی شەیتان

وەرە خوارەوە
ئێستا زەمەنی ”کەوا بخۆیە
”
ئەوەندە ئەم قورئانە ، ئەم
دیوو ئەو دیوو مەکە ،
خوا دەتگرێت.

ووردەشووشەی قاوەیی لە
چاوەکانم دەکەوێتە
خوارەوە ،
زۆر شەو باوکم دێتە
خەونم و پێم دەڵێت;
کوڕم قەیتانی پێڵاوەکانم ،
خەریکە دەڕزێت و
حەز ناکەم بە پێ خاوسی
بچمە حزووری خودا
ئاخر من....
ئەم هەموو خەمانەم بۆ
ناخرێتە ،
کۆڵە پشتەکەمەوە
شانم تەواو
تەواو...خواربووەو
خەریکە خۆمم لێ
دەکەوێت خوارەوە
چاوەکانم وردە شوشەی
قاوەیی لێ دەکەوێتە
خوارەوە.

**حەکیم میرزا**

**قەسیدەکە بەردەوامە**

# هەواڵی ناڕەزایەتییە کرێکاری و جەماوەرییەکان

## ئامادەکردنی: ئاراس ڕەشید

### مانگرتنی ٤ڕۆژەی ئەندازیارانی نەوت لە بەسرە




لە نامەیەکیاندا، ئەندازیارانی مانگرتوو دەڵێن" ئەمرۆمان وەک دوێنێیە و هیچ نەگۆراوە بۆ ئێمە، بۆیە ئێمە بەردەوام دەبین لە مانگرتن.
ئەو قسانەی کە ئێوە دەیکەن لە نەبوونی دەرەجەی وەزیفی یان دەرماڵە، جگە لە عەزم و پێداگریمان هیچی دیکە زیاد ناکات، ئێمە وەستاوین تا بەدیهێنانی داواکاریەکانمان. ئەوەتانێ ئێمە لە ڕۆژەکانی جەژنی قورباندابن و بەردەوامین لە مانگرتن. پێتان ڕادەگەیەنین کە قەبارەی مانگرتنەکە ئەمرۆ لە زیادبووندایە بەهۆی پەیوەستبوونی ژمارەیەکی دیکەی ئەندازیاران پێوەی، ئەمەش مانای هەستپێکردنیانە بە دەردەسەریەکان و هیچ چارەسەرێکیان پێنیە جگە لە مانگرتنی ئاشتیانە لەبەردەم وەزارەت. ئەم مانگرتنەش ناوەستێ تا دەرکردنی بڕیارێک بە دامەزراندنی ئەندازیارانی نەوت. بەبیرتان دێنینەوە کە لەڕابردوو چیمان پێگووتن: سات و سەودا بەکات مەکەن چونکە کات لەبەرژەوەندی ئێمەدایە نەک ئێوە، سات و سەودا زۆرن بەڵام بەمردوویی لە دایک دەبن."

### دۆزینەوەی تەرمی پۆلیسێک، دوای ئەوەی خۆکوژی کردنی لە پایەختی فەرەنسا

دەسەڵاتداران مەترسی هەڵکشانی ئەم دیاردەیە دەکەن، چونکە ئامارەکان لە بەرزبوونەوەی



بەردەوامدان لە ڕێژەی خۆکوژی لەناو پۆلیسدا، بەتایبەت لەم چەند ساڵەی دواییدا.
بەپێی قسەکانی وەزارەتی ناوخۆ؛ لەساڵی ٢٠١٨دا ٣٥ پۆلیس پەنایان بۆخۆکوژی بردوە، بەجۆرێک ژمارەی خۆکوژی گەیشتۆتە ٤٧ کەس لە ئەندامانی پۆلیسی فەرەنسی تاوەکو مانگی ئابی ئەمساڵ. ئەمەش لە بەرزبوونەوەیەکی سەرنجڕاکێشدایە.
بەپێی ئاژانسی"سبوتنیک" جان بیار کۆلۆمبی؛ قسەکەری فەرمی پێشوو بەناوی یەکێتی پۆلیسی نیشتمانی سەربەخۆ، پێیوایە" ئەو کێشانەی کە پۆلیس بەرەوڕوون، هەمان ئەو کێشانەیە کە کۆمەڵگەی فەرەنسی بەشێوەیەکی گشتی پێوەی دەناڵێنێت "هەروەها گووتی" هەلومەرجی کارکردنی پۆلیس زۆر دژوارە و کەمی هەیە لە ئامێری پێویست". هەروەها گووتی کە "پۆلیسی ژن و پیاوی فەرەنسی گیرۆدەی تێڕوانینی کۆمەڵگەن بۆیان، واتە چۆنیەتی سەیرکردنیان لەلایەن کۆمەڵگەوە. هەست بەڕق دەکەن لەلایەن خەڵکەوە، و زۆریش بۆیان پرسیارە کە داهاتوویان چۆن دەبێت و سروشتی کارکردنیان بەرەوکوێ دەچێت". بەمشێوەیە قسەکانی تەواودەکات و دەڵێت" کاری پۆلیس لە فەرەنسا زۆر سەختە و هۆکاری دڵەڕاوکێیە". هەرچەندە حاڵەتی خۆکوژی لەم مەیدانەدا هەبوو، بەڵام ئەمرۆ خۆکوژی بۆتە دیاردەیەک و پێویست دەکات سنوورێکی بۆ داندرێت. و دووبارە ئیعتبار بگەڕێتەوە بۆ پۆلیس و ئەرکی سەرشانیان کەمبکرێتەوە. چونکە زوربەی جار پەنا بۆ پۆلیس دەبردرێت بۆ کاری پێویست و نا پێویست.
لەقسەکانیدا ڕەخنەی لە چینی دەسەڵاتدار گرت لەبەرامبەر هەلسوکەوتیان لەگەڵ پۆلیسدا و ڕوونیکردەوە" ئەوانەی دوێنێ و ئەمرۆ حوکممان دەکەن، تاکە ئامانجیان کەمکردنەوەی ناشیرنیەکانی دەوڵەتە، ئەوەش لەسەر حسابی پۆلیسدا دەیکەن. دەسەڵاتداران بڕیارەکان دەدەن، و ڕایدەسپێرن بەپۆلیس بۆ ئەنجامدانی، بەبێ ئەوەی پرس بەکەس کرابێت. ئەم بڕیارانەش دڵەڕاوکێیەکی زۆر دەخاتە سەر پۆلیس، چونکە ئەرکە گەورەکەی لەسەرە". نەقابەکانی پۆلیس ماوەیەکی زۆرە هاوار دەکەن و هۆشداری دەدەن کە لە "ماندووبوونێکی دەروونی و فیزیکی دان". زۆرێک لە پۆلیسی ژن و پیاو فشاریان لەسەرە بۆ ئەوەی ٧ ڕۆژ لە هەفتە کاربکەن. ئەم فشارەش لەوکاتەوە زیادیکرد کە خۆپیشاندانەکانی ئێلەگ زەردەکان لە مانگی ١١ی پاردا دەستیپێکرد و بووە هۆی گرتنی ڕێگەوشوێنی ئەمنی زیاتر، هەروەها ئەو فشارەی لە ئەنجامی هەڕەشەکانی کاری تیرۆریستی لەسەریانە.
کۆلۆمبی بەمجۆرە کۆتایی بەقسەکانی هێنا "چارەسەرەکان پێویستی بە سیاسەتی بوێرانە و سیاسەتمەداری ئازا هەیە، ئەمەش تاوەکو ئێستا لە فەرەنسا نییە". ئەمەش سەرەڕای ئەوەی لەم چەند مانگەی دواییدا ڕەخنەی زۆر ئاراستەی هەڵسوکەوتی پۆلیسی فەرەنسا کراوە لەبەرامبەر خۆپیشاندەران و بەکارهێنانی هەموو جۆرەکانی توندوتیژی بۆ سەرکوتکردنی بەهۆی بەکارهێنانی شێوەیکی تایبەتی گولە بەناوی(فلاش پاڵ)، کەبووە هۆی برینداربوونی ژمارەیەکی زۆر لە ئێلەگ زەردەکان، ئەمەش هەرایەکی گەورەی میدیایی لێکەوتەوە و داواکرا کە بۆ قەدەغەکردنی ئەو چەکە.

### (مافی مرۆڤ) قسە لەسەر مانگرتنی سەدان کرێکار دەکات لە قەتەر



ڕێکخراوی( هیومان ڕایتش ۆچ /چاودێری مافی مرۆڤ) گووتی کە سەدان لە کرێکارانی هاتوو بۆ قەتەر مانگرتنیان لەکار دەستپێکرد لەم هەفتەیەدا، لەبەرامبەر خراپی هەلومەرجی کار و هەڕەشەی کەمکردنەوەی کرێکانیان.
ڕێکخراوەکە لە بەیانەکەیدا کە ٩ی ئاب دەریکردبوو گووتی" سەرەڕای ئەوەی هەندێک چاکسازی کرێکاری لە ساڵی پاردا کارا کراوە، بەڵام تاوەکو ئێستاش دەسەڵاتدارانی قەتەری سیستەمی بارمتە(کەفالە)یان هەڵنەوەشاندۆتەوە. بەڕێوەبەری پۆلیسی بەشی خۆرهەلاتی ناوەڕاست بۆ مافی مرۆڤ گووتی "کرێکاران لەقەتەر دەستیان کردوە بە مانگرتن لە وڵاتێک کە قەدەغەیە ببیتە ئەندام لە نەقابە، هەروەها پاشخانی سیستەمێکی کرێکاریە کە دەتخاتە ژێر ئازار و ئیستیغلال. ئەم کارە خراپانەی کە لەبەرامبەر کرێکاراندا دەکرێت کۆتایی نایەت، تەنیا لەکاتێکدا کۆتایی دێت ئەگەر حکومەتی قەتەری بەڵێنەکەی بباتەسەر لە هەلوەشاندنەوەی سیستەمی بارمتە( کەفالە)".
لە بەیانەکەدا ئاماژە بەوەدراوە کە کرێکارانی هاتوو لە قەتەر دەکەونە ژێر سیستەمی ئیستیغلالێکی بەزۆری ترسناک، لەهەلومەرجێکدان کە لەژێر هەڕەشەی کرێی یەکسان و کرێی زیادە و شوێنی حەوانەوەی شایستە، و ئازادی هاتوچۆ، توانایی بۆ گەیشتن بە دادپەروەری. ئەم پێشێلکاریە ترسناکانە وبەرنامەییانە بۆ مافەکانی کرێکارانی هاتوو بۆ قەتەر، سەرچاوەکەی لە سیستەمی کەفالەتدایە کە قەتەر تاوەکو ئێستا هەڵی نەوەشاندۆتەوە. ئەم سیستەمە تەئشیرەی کرێکارانی هاتوو دەبەستێتەوە بە خاوەن کار و زۆرێک لە تواناکانیان سنووردار دەکات لە گۆرینی خاوەن کار".
شایانی باسە کە حکومەتی قەتەری هەندێک چاکسازیکردوە بۆ چاکترکردنی هەلومەرجی کرێکارانی هاتوو لە ئۆکتۆبەری ڕابردووە. لەوانە:١- دانانی لانی کەمی کاتی بۆ هەقدەست ( کرێ) ٢- کاراکردنەوەی یاسای کاری ناوماڵ.٣- ئامادەکردنی لیژنە تازەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.٤- دەرکردنی بڕیارێک بۆ دروستکردنی لیژنەی کاری هاوبەش لەو کۆمپانیانەی کە پتر لە ٣٠ کرێکار لەخۆ دەگرن بۆ دانووساندنی بە کۆمەڵ.٥- دروستکردنی سندوق بۆ کۆمەک و بیمەی کرێکاران.٦- کۆتاییهێنان بە مەرجی توانینی بەجێهێشتنی خاوەن کار و چونە دەرەوە لە وڵات بۆ زوربەی کرێکاران.

### خۆپیشاندانی هەزاران کەس لە مۆسکۆ لەبەرامبەر ڕەتکردنەوەی کاندیدەکانی ئۆپۆزسیۆن بۆ هەلبژاردنەکانی ناوخۆ



ڕۆژی شەممە ١٠ی ئاب نزیکەی ٤٠ هەزار کەس بەشداری ئەو خۆپیشاندانەیان کرد کە ئۆپۆزسیۆن داوای کردبوو بۆ بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنێکی ئازاد بۆ هەڵبژاردنە ناوخۆییەکان کە بڕیارە لە ٨ی ئەیلوولی داهاتوو بەڕێوەبچێت. ئۆپۆزسیۆنی ڕووسی کە زوربەی ڕابەرەکانی لە زینداندان، لەسەر داوای ئەوان چوارەم هەفتەیە لەسەریەک خۆپیشاندان سازدەکرێت دوای ئەوەی ٦٠ کاندیدی بێلایەن بۆ هەڵبژاردنەکانی ناوخۆ لە مۆسکۆ ڕەتکرانەوە.
زۆرە نیشانەیەکی سەرکەوتنە بۆ ئۆپۆزسیۆن. وا بڕیار بوو کە خۆپیشاندانەکە تاوەکو سەعات ٢ بخایەنێت و لە شەقامی ساخارۆف سنووردار بێتەوە. ئەمەش دوای ئەوەی پتر لە ٢٠هەزار کەس لە ٢٠ی تەمووزی ڕابردوو بۆ هەمان مەبەست گردبوونەوە دوای ئەوەی دەسەڵاتداران مۆڵەتیان پێدابوون. دوای ئەوەی نزیکەی ١٤٠٠کەسیان لیگیران و زیندانی کران. پاشان سەرکوتی خۆپیشاندانەکان دەستیپێکرد و زۆرێک لە ڕابەرانیان خستە زیندانەوە، و لێکۆڵینەوەش لە ڕێکخراوەکە و سەرۆکی ڕێکخراوەکە ئەلیکس نافالنی کرا بە تاوانی" سپیکردنەوەی پارە" و سزادانی زوربەیان بەکاتی جیاجیا.
هێزەکانی پۆلیس لە هۆنگ کۆنگ لەگەڵ نارازیان لە پێکداداندابوون لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی (لێدە و ڕاکە)، ئەمەش بەواتای گۆڕانکاریەک لە شێوازی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیەکانی ئەو دوورگەیەی کە پێشووتر موستەعمەرەی بەریتانیا بوو، ئێستاش ماوەی ١٠ هەفتەیە تووڕەییان بەرامبەر حکومەتی چینی لە هەلکشاندایە. بۆ خێراتر چۆڵکردن و بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەران لەسەر شەقامەکان، پۆلیس غازی فرمێسکاوی و تۆقێنەر لە ناوەڕاستی شارەکان وگەڕەکە کرێکاریەکان بەکاردێنێخۆپیشاندەرانیش لەوەڵامدا، ٢ قونبەلەی ئاگرداریان بەکارهیناوە، هەروەها ئیستراتیجیەتی گردبوونەوەی خێرا و لەناکاو بۆماوەیەکی کەم و بەخێرایی بڵاوەکردن بەکاردێنن کاتێک فشاریان بۆدێت، لەدوایی لە شوێنێکی دیکە دەردەکەونەوە.

### بەردەوامبوونی ناڕەزایەتیەکان لە هۆنگ کۆنگ و خۆپیشاندەران شێوازی تازە دەگرنە بەر

ئەو ناڕەزایەتیەیانە کە توندوتیژی پتری لێدەکەوێتەوە بۆتە هۆی دروستبوونی قەیرانێکی سیاسی گەورە، کە ماوەی چەندان ساڵە بەخۆی نەبینیوە، هەروەها تەحەدایەکی گەورەشە بۆ سەرۆکی چینی شی جین بینگ لە سەرەتای دەستبەکاربوونیەوە لە ساڵی ٢٠١٢.
سەرەڕای بوونی ژمارەیەکی زۆر لە پۆلیس و



هەڵوێستی توندی حکومەتی چینی، بزووتنەوە ناڕەزایەتیەکان کە ٢ مانگ پێش ئێستا دەستیپێکرد لە بەرامبەر پرۆژە یاسای ڕێگەدان بە ڕادەستکردنی تاوانبارانی سیاسی بۆ چین بۆ دادگایی کردنیان، ئەم بزووتنەوەیە لە فراوانبوونەوەدایە و پشتیوانی هاوڵاتیان و دانیشتوانەکەی کە دەگاتە ٧ ملیۆن کەس لێدەکرێت.
پەکین دەڵێ تاوانباران و هاندەران بۆ توندوتیژی لەلایەن هێزی دەرەکیەوە هاندەدرێن، لەوانە بەریتانیا، لەکاتێکدا خۆپیشاندەران نارازین لەبەرامبەر بەکارهێنانی شێوازی بانێک و دوو هەوا (یەک دەوڵەت و دوو سیستەم) ئەمەش ئەو پۆلێنکردنەیە کە هەندێک حوکمی زاتیان لە لایەن چینەوە پێدراوە کاتێک چین هۆنگ کۆنگی لە بەریتانیا وەرگرتەوە لەساڵی ١٩٩٧.
داواکاری چالاکوانان بەرزبۆتەوە بۆئەوەی دیموکراتیەتێکی زۆرتر بەدەستبهێنن و کاری لام یش دەست لەکاربکێشێتەوە. بەڵام لام پتر ئاخاوتنی ئاشتبوونەوەی بەکارهێنا لەڕۆژی یەکشەممە کاتێک لەگەڵ خوێندکارانی زانکۆ کۆبووەوە.

# دیمانە هاوپشتی" همبستگی" لەگەڵ مەنسور حیکمەت دەربارەی لە باربردنی منالّ



## بەشی پێنجەم و کۆتایی

**سورەیا شەهابی: پێشتر وتت ناوبردنی ئیجازەی لە باربردنی منالّ بە "مافی هەڵبژاردن" شتیکە لە چەشنی ئازادی هەڵبژاردن لە نێوان کەوتنە خوارەوە و خۆخستنە خوارە لە بەرزاییەکەوە. هەندێک لە فیمینستەکان و لایەنگرانی مافەکانی ژنان لەسەر ئەو باوەڕەن کە مافی لە باربردنی منالّ یەکێکە لە گرنگترین ئەو مافانەی کە ئیمکانی هەڵبژاردن دەداتە ژنان. هەڵبژاردنی بوون و نەبوون بە دایک، وە هەڵبژاردنی کاتی بوون بە دایک.**

**منصور حکمت:** من لەگەڵ تێڕوانینی بەشی هەرە زۆری بزووتنەوەی فیمینستیدا لەسەر هەویەتی کومەڵایەتی ژن و خۆهوشیاری ژن گرفتم هەیە. ئەمانە ژن بە توێژێک یان گروهێکی کەمایەتی تصویر دەکەن کەدەبێ مافە صنفی‌یەکانی خوی وەربگرێ و بچێت بەلای کاریەوە و ئیتر هەقی بەسەر دنیاو مەسەلەی کونترولّی چارەنووسی جیهان و کومەڵگەی ئینسانیەوە نەبێت. بە بروای من لە باسی لەباربردنی منالّدا ژن کەمایەتیەکی خاوەن دەعواو مەحرووم نیە کە قەرارە ئەجری خۆی لەشێوەی ئیجازەی لە باربردنی منالّدا وەربگرێتەوەو بڕواو ئیتر کاری بەسەر مەسەلە کومەڵایەتی، مەعنەوی، فەلسەفیو مێژوویی‌یەکانی ئەم گرفتەوە نەبێت. لە تصویری ئەمانەدا ژن هەمیشە لە باسی لە باربردنی منالّدا تەنها لەشکلی مشتەری‌یەکی حاملەی کلینیک دا خۆی دەنوێنێ، نەک رابەری کومەڵگە، نەک فەیلەسوف و ئایدۆلوژیک کە دەبێ سەرەنجام سەبارەت بە ژیان و هەویەی ئینسانی کورپەلە و حورمەتی ئینسانی و شتی تر خاوەن ڕا بێت، نەک ئینسانێک کە بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ژنە یان پیاو دەتوانێ سەبارەت بەم مەسەلانە راو بۆچوونی هەبێ و بەمەسەلەی خۆی بزانێو بیەوێ دنیا بە ئاقاریکی تایبەتیدا بەرێت. لە مەکتەبی ئەمانەدا ژن حاملەیەکە کەنایەوێ حاملە بێت وە ئیتر کارێکی بەم مەسەلانەی ترەوە نییە. بەبروای من ئەم فیمینیزمە رووی دووەمی پیاوسالارییە کە ئەویش بە هەمان شێوە ژن لە دەخالەتکردن لەم مەیدانەدا دوور دەخاتەوە، وە ئەم دووانە دوو دیوی یەک پارەن.

لە وەڵامی پرسیارەکەی تۆدا، بۆ ژنێک کە تەنها بەشێک نیە لە کەمایەتی‌یەکی دووگیانی کومەڵگەو وەکو ئینسان مامەڵە لەگەڵ مەسەلەی کۆمەڵگەو ژیان و حورمەتی ئینسانی و یەکسانی کومەڵایەتی‌دا دەکات، ئیجازەی لە باربردنی منالّ مافی بریاردانێکی ئەوتۆ نی‌یە. ئازادی لە باربردنی منالّ وەکو حەبێکی سیانور* وایە کە چریکەکان لە زەمانی شادا لەگەڵ خویان هەڵیان دەگرت. ئیمکانێکە بۆ دەرچوونێکی دەردناک لە رووداویکی دەردناکتر. ئیجازەی لە باربردنی منالّ لە چەشنی ئیجازەی خوکوژی‌یە. ئازادی لە باربردنی منالّ ئیجازەی لە بەینبردنی کورپەلەی خۆتە بۆ خولادان لە ئاکامە خراپەکانی مندالّداری لەم کومەڵگەیەی ئیستادا. ئازادی لە باربردنی منالّ بۆتە زەرووەتێک لەبەرئەوەی زۆرێک لەئازادیە ئینسانیەکان لە ژنان زەوتکراوە. مافی بەهرەمەند بوون لە زانستی جنسی. ئازادی کەڵک وەرگرتن لەوەسائیلی (منع)ی سەد لە سەد سالم و بێ مەترسی. ئازادی رزگاربوون لە ئەخلاقی مەزهەبی‌و پیاوسالارانە لە پەیوەندی جنسی‌دا، ئازادی پەیوەندی جنسی ئاوەڵاو ئازاد کە ژن لەو پەیوەندی‌یەدا ئازادی تەواوی هەبێت لە ڕەفتاری جنسی خۆیدا، مافی ئەوەی ئازادبێت لەوەی کە منالّت هەبێت‌و مەوقعیەتی ئابووری‌و شوغلّیت پارێزراو بێت، ئازادی ئەوەی کە بەبێ ئەوەی لە ژیر فشاری ئابوری و ئەخلاقی و فەرهەنگی‌دا ناچار بەزواج‌و ژیانی هاوبەش بیت لەگەڵ مێرددا، منالّت هەبێت. ئازادی کەڵک وەرگرتن لە ئیمکاناتی خورایی و مناسب بۆ بەخێوکردنی منالّ. ئازادی لەوەی منالّت هەبێت و ژیانی کومەڵایەتیت هەبێت. مافی پارێزراو بوون لە تەعەدای جنسی چ لە خیزان و چ لە دەرەوەیدا. ئازادی هەڵبژاردنی دایکایەتی بەبێ ئەوەی کە ژیان و خوشگوزەرانی‌و بەختیاری خۆت وەکو ژنێک‌و ئینسانیک فیدا بکەیت. ئازادی لەوەی ببیت بەدایک و خوشگوزەرانی‌و تەندروستی‌و ئاموزش‌و رابواردنی منالّەکەت زامن بێت.

لە نەبوونی ئەم مافانەدایە کە ژن لە مەوقعیەتی "هەڵبژاردنی" لە باربردنی منالّدا خۆی دەبینێتەوە. لەم بارەیەوە پێویستە خالێکمان لا رۆشن بیت. خودی حاملەبوونی ژن بەپێچەوانەی مەیلی خۆیەوە، بەم مانایەیە کە نەیتوانیوە ئیرادەی خۆی بۆ دایکایەتی کردن‌و نەکردن وە هەڵبژارنی کاتی دایکایەتی‌یەکەی لە ناو هەمان پروسەدا کە مروڤ تیایدا حاملە دەبێت، واتە پەیوەندی جنسی، پیادە بکات. ئەگەر قەرارە ژن کونترولّی هەبێت بەسەر هەڵبژاردنی دایکایەتی‌و کاتی دایکایەتی‌یەکەیدا، ئەوا پێویستە ئیرادەو کۆنترۆڵی هەبێت لە قەڵەمرەوی پەیوەندی جنسی‌دا. ئەمە بە مانای بەهرەمەند بوونە لە زانیاری جنسی، بەمانای دەست راگەیشتنە بە وەسائیلی (منع)ی سالم‌و بی‌خەتەرو بەشداری کردنیەتی لە پەیوەندیەکی جنسی یەکسان و ئازادو ئارەزومەندانە و دوور لە هەرجۆرە زەخت و زۆرو ئیجبارکردنێکی ڕاستەوخوو ناراستەوخو. بێگومان کوشتنی کورپەلە ڕێگایەکە بۆ بەرگرتن لەبوون بەدایکی ژن، بەڵام ژنێک بەم شێوازە دایکایەتی نەکردن "هەلدەبژێرێت" کە پێشتر نەیتوانیبێت ئازادانە ممارەسەی ژن بوونی بکات.

> **حاملەبوونی ژن بەپێچەوانەی مەیلی خۆیەوە، بەم مانایەیە کە نەیتوانیوە ئیرادەی خۆی بۆ دایکایەتی کردن‌و نەکردن وە هەڵبژاردنی کاتی دایکایەتی‌یەکەی لە ناو هەمان پروسەدا کە مروڤ تیایدا حاملە دەبێت، واتە پەیوەندی جنسی، پیادە بکات. ئەگەر قەرارە ژن کونترولّی هەبێت بەسەر هەڵبژاردنی دایکایەتی‌و کاتی دایکایەتی‌یەکەیدا، ئەوا پێویستە ئیرادەو کۆنترۆڵی هەبێت لە قەڵەمڕەوی پەیوەندی جنسی‌دا...**

**سورەیا شەهابی: هەندێک لەو باوەڕەدان کە هەر فۆرمۆلبەندیەک کە مافی لە باربردنی منالّ نەک بە "ئیجابی" بەڵکو بە "سلبی" لێکبداتەوە، ئەم مافە مەحدود دەکاتەوەو بە عەمەلی وا لەژنان دەکات کە لەهەموو هەلومەرجێکدا کۆرپەلەکەیان بهێلنەوە. ئەڵێن ئەم بەندە فەزایەکی ئەخلاقی لە بەرامبەر ئەم کارەدا پێک دێنێ کە لە بەرژەوەندی ژناندا نییەو دەستی کلیسا و دین ئاوەڵا دەکات لە مەحدود کردنەوەی مافی بڕیاردانی ژناندا.**

**منصور حکمت:** ئەم نموونەیە هەر هەمان تەبدیل کردنی ژنە بەکەمایەتی‌یەکی صنفی تحت الحمایەو هەتیو کە پێشتریش باسم کرد. ئەمانە ئەیانەوێ ژن تەنانەت لە چوارچێوەی باسکردن لە ماهیەتی ئینسانی و فەلسەفی لە باربردنی منالّ بخەنە دەرەوەو حەقی بەسەریەوە نەبێت و هیچ نەڵێ و نەبیستێ. ئەیانەوێ "توێژی ژنان" تەنانەت لە حەقیقەت دوور ڕابگرن و ڕیگریان بو پێکبهێنن. تازە هەر لەم دنیا جیاکراوەیەی توێژی ژنانیشدا هێشتا مەعلوم نییە بۆچی لە پێناوی زەمیر مرتاح کردن‌و ئاسوودەکردنی ویژدانی ئەو ژنانەدا کە منالّەکانیان لەبار ئەبەن، دەبێ ئەو ژنانەی کە پێیان وایە لە باربردنی منالّ هەر چۆنێک بێت کارێکی تالّە کە دەبێ کومەڵگە ڕۆژێک لێی ڕزگار ببێت، بێ دەنگ بن و لە بەرامبەر یەکێک لە گرنگترین گرفتە فکری‌یەکانی مێژووی بەشەریەتدا بێدەنگ‌و بێ دەربەست بن. ئەگەر لە باربردنی منالّ مافێکە، لێکۆڵینەوەو بەیانکردنی حەقیقەتیش مافێکی ترە. ئەمانە هەردووکیان بەقازانجی ژنانن. تەنانەت ئەگەر بەقازانجی برێک لە فیمینیستەکانیش نەبێت.

سەبارەت بە مەسەلەی کلیسا، ئەمەمان زۆر بەر گوێ دەکەوێ کە تێڕوانینی سلبی بەرنامە سەبارەت بەخودی کرداری لەباربردنی منالّ، سەرباری خواستی قانونی بوونی، ئاو بە ئاشی کلیسا و باڵی ڕاستی مەزهەبیدا دەکات. ئەمە تێگەیشتنێکی لەئەندازە بەدەر لاوازە. نموونەی پێچەوانەی ئەمە ئەکرێ لەباسی پورنوگرافی (فلیمی جنسی)دا ببینرێ. فیمینیزم و کلیسا لە بەرامبەر پورنوگرافیدا دوو هەڵویستی تەواو لێک نزیکیان هەیەو تەنانەت لە خوپیشاندانەکاندا لە تەنیشت یەکترەوە دەردەکەون. ئایا ئەکرێ بوترێ نارەزایەتی فیمینستەکان لە بەرامبەر پورنوگرافیدا دەستی کلیسا بۆ زیادکردنی فشاری مێژوویی لەسەر ژنان و بۆ بەرگرتن بە ئازادی و خۆدەرخستنی جنسیی ژنان ئاوەڵا دەکات؟ وە ئایا ئەم نزیکایەتی‌یە بەڵگەیەکی کافی‌یە بۆ بێدەنگ بوونی فیمینیزم لە بەرامبەر مەسەلەی پورنوگرافیدا؟

هەڵسەنگاندنی سلبی خودی عەمەلیەی لە باربردنی منالّ بەتەنها قسەی ئێمە نی‌یە. قسەی زوربەی هەرە زۆری خەڵکی‌یە. قسەی زوربەی هەرەزۆری ئەو کەسانەیە کە لەباربردنی منالّ "هەڵدەبژێرن" و ئەشیانەوێ قانوونی بکرێتەوە. بۆچوونی موشەخەسی خەڵک سەبارەت بە ناسنامەی ئینسانی کورپەلە هەر چییەک بێت، زوربەی هەرە زۆری ئەوان هەست بەوە دەکەن کە ئەمە کارێکی دەردناک‌و نەخوازراوە و بەهەرحالّ پەیوەندی بە پچراندنی ژیانی ئینسانی‌یەوە هەیە. ئەوە کلیسایە کە خۆی بەم عاتیفە شەریفە ئینسانی‌یەوە هەڵدەواسێ و بەم ئیعتبارە ئەیەوێ بازاری خۆی گەرم ڕابگرێ. بگرە ئەوە ئەم بی‌عاتیفەیی و بەکەم ڕاگرتنە بیولوژیکی‌و صنف گرایی‌یە فیمینیستی‌یەیە کە ئیجازەی ئەم ریاکاری و بەرزکردنەوەی ئالای ڕێز و ئیحترامی بۆ ئەم ژیانەی داوەتە دەستی دین، واتە یەکێک لە ترسناکترین و دژی ئینسانیترین دامەزراوەکانی مێژووی بەشەریەت.

**وەرگێرانی بۆ کوردی: حەمە غەفور**
**پیاچوونەوەی: سەعید ئەحمەد**

**هەڵەبڕی و نووسینەوەی: بۆپێشەوە**

# یەکەم دەست نووسی قورئان نەصرانی هاجەری بووە

وەرگێرانی لە عەرەبیەوە: ئەکرەم مەحمود

پیداچوونەوەی: خالید سالّح

بەشی دووەم و کۆتایی






**بەڵگەی سێیەم ..بیروباوەرو شەریعەتەکانی قورئان لێکچونێکی تەواو لەگەڵ نەصرانیەکان**

مێژوونووسان وای دائەنێن لێکچونێکی تەواو و سەرسورهێنەر لە بیروباوەرو شەریعەتەکانی قورئاندا لەگەڵ نەصرانیەکاندا هەیە کە ئەوە بۆخۆی بەهێزترین وجوانترین جۆرەکانی بەڵگەیە کە نەصرانیەکان داهێنەرو نووسەری یەکەم قورئانن.

بیروباوەرو شەریعەتی نەصرانیەکان، تێکەڵەیەك بووە لە شەریعەتی یەهودی وەکوو حەرام کردنی گۆشتی بەراز، وە تێکەڵەیەکێش لە بەشێکی شەریعەتی مەسیحیەکان وەکوو حەڵاڵ کردنی گۆشتی ماسی.

ئەمەش چەپکێکی ڕەنگاوڕەنگ لە شەریعەت وبیروباوەری نەصرانیەکان لە قورئاندا:

یەکەم: یاساکانی خواردن و خواردنەوە لە قورئاندا هەموویان یاسای نەصرانین، لە لای هیچ دینێکی تر بوونی نییە، تەنها لەلای هۆزی نەصرانیەکاندا نەبێت.

بۆ نموونە حەرامکردنی مەشروب و گۆشتی بەرازو و مردارەوە بوو و حەلاڵ کردنی گۆشتی ماسی، تاکە ئایینێك کە ئەم هەموو تێکەڵەیە ئەکات دینی نەصرانیەکانە.

دووەم: بروا بەوەی کە مەسیح (یەسوع) بەندەی خوایەو نێردراوی ئەوەو کوڕی ئەو نییە، وە بڕوا بوون بە ئەوەی کە خوا مەسیحی بۆلای خۆی بەرز کردۆتەوە و بە هەڵواسراوی نەمردووە (لە خاچ نەدراوە)، هەموو ئەو بیروباوەرانە لە قورئاندا بوونیان هەیە کە ئەمەش بەتەواوی بیروباوەری نەصرانیەکانە لە هیچ دینێك و مەزهەبێکی تردا بوونی نییە.

سێهەم: نەصرانیەکان باوەریان وابوو کە یەهودیەکان میللەتێکی گومڕان لەبەرئەوەی بەشێك لە دەقەکانی تەوراتیان شاردۆتەوەو لایان بردووە بۆ بەرپەرچدانەوەی پەیامەکەی مەسیح، هەر لەبەر ئەوەشە کە نەصرانیەکان وشەی کافریان بە یەهودیەکان دەگوت، لە راستیدا وشەی (کفر) وشەیەکی عبریە ماناکەی بە داپۆشین یان شاردنەوە دێت، کە بە یەهودیەکانیان دەگوت و هێرشیان ئەکردە سەریان پێیان دەگوتن کافر، وە هەر ئەمەیە کە بە تەواوەتی لەناو قورئاندا بەدی ئەکەین.

چوارەم: نەصرانیەکان مەسیحیەکانیان بە مشرکین تۆمەتبار ئەکرد وە قەد پێیان نەگوتون مەسیحیەکان بۆ ئەوەی کە سەربەرز نەبن بە وشەی مەسیح وە شانازی پێوە نەکەن، وە هەر ئەوەیە کە لە قورئاندا مەسیحیەکان بە مشرکین (شەریك پەیداکەر بۆ خوا) ناوزەد دەکەن وە بە هیچ شێوەیەك وشەی مەسیحیەکان بەکار ناهێنێت.

پێنجەم: نەصرانیەکان تەنها دانیان ئەنا یان باوەریان بە یەك ئینجیل هەبوو ئەویش ئینجیلی مەتتای عبرانی، بە پێچەوانەی مەسیحیەکان کە باوەریان بە چوار ئینجیلی یاسایی هەبووە کە ئەمەش بە تەواوەتی لە قورئاندا بەدی ئەکرێت کە هەموو کات لەسەر یەك ئینجیل قسە ئەکات وە بەهیچ شێوەیەك لەسەر ئینجیلەکان قسە ناکات.

شەشەم: نەصرانیەکان بروایان وابوو کە مەسیح (یسوع) بۆ ئەوە هاتوە کە ئەرکەکان لەسەر یەهودیەکان سووك بکات یان لابردنی قەدەغە لەسەریان کە خوا لێی قەدەغە کردوون وەك خواردنی ماسی، و لابردنی قەدەغە کراوەکان بە هەمان شێوە بە تەواوەتی لە قورئانیشدا بەدی ئەکرێت.

سورەی سێ کە مەسیح بۆ یەهودیەکان قسە ئەکات و ئەڵێت ( <u>وَمُصَدِّقاً لِما بَيْنَ يَدَيَّ مِنَ التَّوْراةِ وَ لِأُحِلَّ لَكُمْ بَعْضَ الَّذي حُرِّمَ عَلَيْكُمْ</u>).

حەوتەم: نەصرانیەکان بروایان وابوو کە ئافرەت فیتنەیە لەسەر پیاو و لەسەر دین وە لەسەر هۆزەکەیان وە لەسەر پەیامی خواکەیان مەترسیەکی گەورە دروست دەکات. نەصرانیەکان دژە ژن بوون و داوایان لە ژنەکان ئەکرد کە لە مالەکانیاندا بمێننەوە وە باوەریان وابوو کە ئافرەت لەچاو پیاودا ئەقل و توانای کەمترە (ناقص العقل). نەصرانیەکان هەر ئەم لێکدانەوانەیان واتە ئەم بەکەم سەیرکردنەیان وەرگێراوەتە ناو شەریعەتە نەصرانیەکەیان، وەك ئەوەی ئافرەتی نەصرانی نیوەی میراتی بەر ئەکەوت لەچاو پیاودا وە شاهیدی ژنی نەصرانی نیوەی شاهیدی پیاو بوو، بێگومان کە ئەم هەموو جیاکاریە لە دژی ژن لە قورئاندا بەدی ئەکرێت کە بە ئاشکرا ئەڵێ (ان الرجال قوامين على النساء)، یاسای شاهیدی و میرات لە قورئاندا بە تەواوی هەمووی نەصرانیە .وێنە 30.36

**بەڵگەی چوارەم: زمانی قورئان**

قورئان بە عەرەبیەك نوسراوەتە کە جیاوازە لە عەرەبی پەتی وە مێژونووسان ناویان ناوە عەرەبی قورئانی، عەرەبی قورئانی زمانێکی دینی تازەیە کە قەشەی نەصرانیەکان پەرەیان پێدا بە تێکەڵاوکردنی سێ زمانی برا (واتە لەیەك نزیك) کە ئەوانیش عەرەبی کۆن و عبری و سریانی. بەشی هەرەزۆری عەرەبی موسڵمان لە قورئان تێ ناگەن، لەبەرئەوەی ئەوان پێیان وایەکە بە عەرەبی پەتی نووسرابێت، بنەماکانی ئەو نووسینە لەسەردەمی عەباسیدا بنیات نراون، واتە 100 ساڵ دوای سەرهەڵدانی قورئان.

عەرەبی قورئانی پڕە لە سەدەها وشەی سریانی و عبری کە هەموو لێکۆڵەرەوانی ئیسلامی توشی سەرسوڕمان کرد.

ئەمەش چەند نمونەیەکە لێی..(اللهم، قرآن، سورة، آية، فرقان، صمد، أحد، جهنم، جنة، ملائكة، بشارة ، بركة، تجارة، تفسير) شارەزایانی ئیسلامی دەستەوەستان بوون لە تێگەیشتنی




ئامۆژگاریەکانی قورئان وچیرۆکەکانی و مێژوەکەی لەبەرئەوەی لە زمانە واقعی و ئەصلیەکەی قورئان و وشە و سریانی و عبریەکانی تێنەگەیشتن یان هەروا بەسەریدا تێپەربوون.

**بۆچی لە قورئاندا بە سەدەها وشەی سریانی وعبری تیا ئەبینین؟**

نەصرانیە عبرانیەکان ئەوانەی کە یەکەم دەقی قورئانیان نووسی، ئەوانە یەهودی گومرا (مهرتقون) بوون لە سروشتی شامی سریانیدا ئەژیان وەکوو هەموو کەمە نەتەوایەتیەکانی تر، نەصرانیە شامیەکان رۆشبیریەکی دوانە و دوو زمانیان هەبوو، ئەوان لە کۆمەڵگەدا بە سریانی قسەیان ئەکرد، بەلام خودا پەرستیان وەکوو باوباپیرە یەهودیەکانیان بە زمانی عبری ئەنجام دەدا.

ئایا لە قورئاندا وشە هەیە کە هەموو ئەمانە نیشان بدات؟ بەڵێ بە سەدەها...

نمونەی یەکەم... وشەی (کوثر) هەموو لێکۆڵەرەوانی ئیسلام سەریان سورما لە مانای وشەی (کوثر)، وشەی (کوثر) وشیەکی سریانی زۆر ئاسانە کە ماناکەی بە بەردەوامی و جێگیری دێت.

لێکۆڵەرەوانی ئیسلام سەریان سورمابوو لە مانای وشەی (کوثر) هەر لەبەر ئەوەشە زیاتر لە 10 مانای جیاوازیان داوەتێ وەك ڕووبار لە بەهەشتدا یان قورئان یان شەرابی خۆش، بەڵام مانای سریانی بۆ وشەی (کوثر) کلیلی سیحری ئەدا بەدەستەوە بۆ تێگەیشتن لە هەموو سورەتی (کوثر).

(<u>إِنَّا أَعْطَيْنَاكَ الْكَوْثَرَ</u>، <u>فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَانْحَرْ</u>، <u>إِنَّ شَانِئَكَ هُوَ الْأَبْتَرُ</u>) ماناکەی ئەوەیە کە ئێمە بەردەوامیمان دانێ وە جێ گیربونمان پێدان لە عیبادەت و خواپەرستیدا، نوێژ بۆ خوا بکە و لەسەری بە تەحەمول بە.

نمونەی دووەم .. وشەی مەیسر وەکو وشەکانی (کوثر و فرقان و صمد). وشەی مەیسر هەموو لێکۆڵەرەوانی ئیسلامی وە شارەزایانی ئیسلامی بە درێژای ١٤٠٠ سال توشی سەرسورمان کرد، ئەوان مانایەکی هەرەمەکیان دا بەم وشەیە ئەویش قیمار.

شارەزایانی ئیسلامی مێژوویەکی خەیاڵیان بنیات نا بۆ گێرانەوەی قیمار بۆ دونیای خەیاڵی کە ناویان نا جاهیلی. وشەی (مەیسر) وشەیەکی عیبریە ماناکەی شەرابی سەرخۆشکەر وەکوو (خمر) کە چەند جارێك لە تەوراتدا باسکراوە لە تەنیشت وشەی (خمر)ەوە هاتووە، وە هەر لەبەر ئەوەشە وشەی (میسر) لە قورئاندا لەپاڵ وشەی(خمر)ەوە هاتووە.

نمونەی سێهەم: وشەی اللهم، ئەیبینین لە هەندێک ئایەتدا قورئان وشەی الوهیمی یەهودی بەکارهێناوە لە جیاتی وشەی الله کە ئەوەش وشەی ( اللّٰهم) یە، وشەی اللهم لە مەصحەفەکانی یەکەمدا بەبێ سەرو ژێر (حرکات) بەتەواوەتی وەکوو وشەی الوهیم ی عیبری ئەنوسرا. الوهیم ناوێک لەناوەکانی خودایە لەلای یەهودیەکان.کە ئەمەش شۆکێکە بۆ هەموو موسلمانان کە وادەزانن وشەی اللهم نزایەکی (دوعا)عەرەبیە بۆ خودا.

بۆپێشەوە
FORWARD
بلاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

ئەمەش بەڵگەیە ڕوون وئاشکرایە کە بنچەی قورئان نەصرانی و عیبریە.

**بەڵگەی پێنجەم: دەربرین و ڕستەکانی قورئان**

بەشێکی زۆر لە دەربرین و ئامۆژگاریە گرنگەکانی ناو قورئان دەقاودەق لە تەوراتی یەهودی یان ئینجیلی مەتای عیبرانی (عیبری)یەوە وەرگیراوە.

مەسیحیەکان بروایان بە چوار ئینجیل هەیە، بەڵام نەصرانیەکان بروایان تەنها بە یەك ئینجیل هەیە، ئەویش ئینجیلی مەتای عیبرانیە، لەبەر ئەوە لەناو قورئاندا هیچ دەقێکی وەرگیراو لە ئینجیل نابینین کە دژی ئینجیلی نەصرانی بێت.

ئەگەر نووسەری قورئان نەصرانی عیبری نەبونایە، ئەوە تەنها ئامۆژگاریەکانی یەک ئینجیلیان نەئەگواستەوە، واتە ئینجیلی نەصرانی یان ئینجیلی مەتای عیبرانی.

ئەم دەق وەرگرتنە سەرنج ڕاکێش و بێ وێنەیە کە تەنها لە ئینجیلی نەصرانیەوە خراوەتە سەر قورئان جوانترین بەڵگەیە کەنەصرانیە شامییەکان یەکەم قورئانیان نوسیوەتەوە.

ئەمەش بەشێك لە نمونەی دەربرینەکانی ناو قورئانن کە لە تورات یان تلمود یان ئینجیلی مەتای عیبرانیەوە وەرگیراوە.

نمونەی یەکەم: ئەو دەربرینەی کە ئەلێ(اللَّهُ لاَ إِلَٰهَ إِلاَّ هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ لاَ تَأْخُذُهُ سِنَةٌ وَلاَ نَوْمٌ) کە دەقاودەق لە تەوراتەوە وەرگیراوە .

نمونەی دووهەم: دەربرینیکە ئەلێ (أقيم الصلاة) دەقاودەق لە تەلمودەوە وەرگیراوە .

نمونەی سێهەم: دەربرینی کە ئەلێ (إقرأ بإسم ربك) دەقاودەق لە تەوراتەوە وەرگیراوە.

نمونەی چوارەم: دەربرینی (حَتَّىٰ يَلِجَ الْجَمَلُ فِي سَمِّ الْخِيَاطِ) کە دەقاودەق لە ئینجیلی مەتای عیبرانیەوە گواستراوەتەوە .

نمونەی پێنجەم: دەربرینی (حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَكُمُ الْخَيْطُ الْأَبْيَضُ مِنَ الْخَيْطِ الْأَسْوَدِ)کە تەقریبا لە تەلمودەوە وەرگیراوە .

نمونەی شەشەم: دەربرینی (له مقاليد السماوات و الارض)کە دەقاودەق لە ئینجیلی مەتای عیبرانیەوە وەرگیراوە .

نمونەی حەوتەم: دەربرینی (مثقال حبة من الخردل) کە دەقاودەق لە ئینجیلی مەتای عیبرانیەوە وەرگیراوە.

موسڵمانەکان ئیدیعای ئەوە ئەکەن کە ئاساییە ئامۆژگاریە مەسیحی و یەهودیەکان لە ناو قورئاندا بەرچاو بکەوێت لەبەرئەوەی ئیسلام بۆ ئەوە هاتووە کە ئەو ئاینانە تەواو بکات، بەڵام بۆچی ئەو گواستنەوەیە دەقاودەقە کراوە بۆ ناو قورئان؟ ئایا خودا توانای نەبوو وشە و دەربرینەکان تەنیا بە عەرەبی پەتی و ڕەوان بنووسێت کە خەڵك لێی تێبگات؟

**بەڵگەی شەشەم: چیرۆك و ئامۆژگاریەکانی قورئان**

لە سەرەتای سەدەی حەتەمی زایینیدا نەصرانیەکان بەشێک لە چیرۆك و ئامۆژگاریەکانی ئینجیلیان بۆ عەرەبە قورەیشیەکان وەرگێرا.

نەصرانیەکان تەنها هەڵبژاردەیەك لە چیرۆکەکانی تەورات وە ئامۆژگاریەکانی ئینجیلەکانیان لە قورئاندا نووسی، لەبەر ئەوەی میللەتێکیان ئەدواند کە پێشتر چیرۆکەکانی تەورات و ئامۆژگاریەکانی ئینجیلەکانیان زانیوە، تەنانەت قورئان خۆشی دان




به ئەوەدا ئەنێت کاتێك ئەڵێت ( ان هو الا ذكر وقرآن مبين).

لەبەرئەوەی ئەگەر چیرۆکەکانی قورئان تەنها بۆ بیرخستنەوەی چیرۆکەکانی تەورات بێت، شتێکی سەیر ڕوون ئەکاتەوە کە لێکۆڵەرەوان درکیان پێکردووە، ئەویش ئەوەیە کە بە تەواوەتی بەبێ گەرانەوە بۆ سەرچاوە سەرەکیەکەی لە تەوراتدا، هەرگیز کەسێك ناتوانێت لە چیرۆك و ئامۆژگاریەکانی قورئان تێبگات.

بەتەواوەتی وایە هەموو چیرۆکەکانی قورئان ڕۆشن نین وە تێی ناگەیت وە وێنەکان پچر پچرن لە نێوان خۆیاندا وە نە پێشەکی و نەکۆتاییان هەیە، بۆ نمونە چیرۆکی ئەیوب و نەخۆشیەکەی کە لەلایەن اللّەوەیە، ئامۆژگاریەکی دورودرێژە و لاپەرەیەکی دوورو درێژ ئەگرێت لە تەوراتدا، بەڵام قورئان لە چەند دێرێکدا کورتی ئەکاتەوە، وە لێك پرش وبڵاوە لە نێوان چەند وێنەیەکدا، هەرگیز ناتوانیت تێی بگەیت بێ ئەوەی بگەرێیتەوە بۆ سەرچاوەکەی لە تەوراتدا.

نەصرانیەکان چیرۆکەکانی قورئانیان شی نەکردۆتەوە لەبەرئەوەی تەنها وەبیرهێنانەوەیەك بووە بۆ هۆزی قورەیش کە پێشتر ئەو چیرۆکانەیان زانیوە.

قورەیش لە سەدەی پێنجەمەوە هۆزێکی مەسیحی بوون، لەبەرئەوە قورئان وەسفیان ئەکات کە میللەتێکن بروایان بە اللە وبە مەلائیکە و بەرۆژی کۆتایی هەبووە، وە قورئان بە هیچ شێوەیەك باسی ناکات کە قورەیشیەکان بت پەرست بوون.

**بەڵگەی حەوتەم: جوغرافیا و ژینگەی قورئان**

کاتێك لێکۆڵەرەوەکان دەقەکانی قورئان ئەخوێننەوە بەرەو ڕووی شتێکی سەرسورهێنەر ئەبنەوە، شتێک نە ئەیبینن و نە ئەیبیستن و نەتێیدا دەژین، کاتێک موسڵمانێك قورئان ئەخوێنێتەوە بۆ نوێژو عیبادەت کردن، ئەو شتە سەرسورهێنەرە ئەوەیە کە شوێنەواری بیابان و وشکە لە دەقەکانی قورئاندا ونە.

بۆ نمونە وشەی بیابان وشەیەکە بە تەواوەتی ونە لەناو قورئاندا، هەروەها وشەی لم (رمل) بە تەواوەتی ئەویش لە قورئاندا ونە، نمونەی سێهەم وشەی بادیە یان هەموو ئەو وشانەی کە هەمان مانا ئەدەن بەدەستەوە (مرادف) لە قورئاندا ونن.

لە قورئاندا وشەی (بدو) بەدی ئەکەین، بەڵام ئەم وشەیە لە سیاقی چیرۆکی یوسف یەهودی بەدی ئەکرێت، نەك لە سیاقی بادیەی حیجازیدا.

ون بوونی وشەی بادیە و بیابان لەناو قورئاندا شتێکی شوك ئامیزە بۆ هەموو ئینسانێکی ئاقل باوەری هەبێ بەئەوەی کە قورئان لە بیابانی مەککەدا سەری هەڵداوە وە لە ناوچەی بادیەی لماویدا پەیدا بووە، کەواتە قورئان خۆی گێل ئەکات یان خۆی لائەدا لە بیابانیەتی مەککەو لمەکەی و بادیەکەی.

بەڵام جوغرافیا و سروشتی قورئان کامەیە کە لە پەند وئامۆژگاریەکانی‌دا باسی ئەکات؟

بە پێچەوانەی بیابانی مەککە دەقەکانی قورئان قسەو باس لەسەر ناوچەی سەوزایی بەپیت و




بەرەکەت ئەکات، وڵاتێك کە روبار تیایدا ئەروات و کانی دەرپەریوو و هەڵقوڵاوی لێیە.

قورئان لە ئامۆژگاریەکانیدا ئاماژە بۆ وڵاتێک دەکات کە باخ و باخات و کشتوکاڵ و ترێ وهەنارو هەنجیرو زەیتونی تێدایە. جوغرافیای قورئان هی وڵاتێکە کە دانیشتوانەکەی مەڕو بزن و مانگا بەخێو ئەکەن، جوغرافیای قورئان هی وڵاتێکە کە نزیکە لە دەریاوە و دانیشتوانەکەی بە شەپۆلی ئاو و بای بەهێزی دەریاو ماسی گرتن ئاشنان.

تاقە ناوچەیەك لە خۆرهەلاتی ناوەراستدا کە لەگەڵ جوغرافیای قورئان یەك ئەگرێتەوە ئەویش کەناری دەریای شامە و بە تایبەتی باکووری سوریایە، سورەی ١٨ ئایەتی ٣٢ وەکو نمونەیەك (رَجُلَيْنِ جَعَلْنَا لِأَحَدِهِمَا جَنَّتَيْنِ مِنْ أَعْنَابٍ وَحَفَفْنَاهُمَا بِنَخْلٍ وَجَعَلْنَا بَيْنَهُمَا زَرْعًا) ئەم ئایەتە وێنەیەکی رەنگاورەنگ و سەرسورهێنەرمان ئەداتێ لەسەر سەوزایی وڵاتی سوریا، باخچەی ترێ و کشتوکاڵ و زەیتون وە باخچەی گەورەی پڕ لە خورما وە جوتیارەکان ئیشی تیا ئەکەن. سورەی 6 ئایەتی ٩٩ (وَهُوَ الَّذِي أَنْزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَخْرَجْنَا بِهِ نَبَاتَ كُلِّ شَيْءٍ فَأَخْرَجْنَا مِنْهُ خَضِرًا نُخْرِجُ مِنْهُ حَبًّا مُتَرَاكِبًا وَمِنَ النَّخْلِ مِنْ طَلْعِهَا قِنْوَانٌ دَانِيَةٌ وَجَنَّاتٍ مِنْ أَعْنَابٍ وَالزَّيْتُونَ وَالرُّمَّانَ مُشْتَبِهًا وَغَيْرَ مُتَشَابِهٍ انْظُرُوا إِلَى ثَمَرِهِ إِذَا أَثْمَرَ وَيَنْعِهِ إِنَّ فِي ذَٰلِكُمْ لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ) .

بەپێی ریوایەتی ئیسلامی بێت لەم ئایەتەدا خودا لەگەڵ خەلکی مەککەی بیاباندا قسەی کردووە، بۆئەوەی قەناعەتیان پێبکات بە بانگەوازەکەی محمد، هەر بەم شێوەیە خودا لەگەڵ خەڵکی سادەی بیاباندا قسەی کردوە کە زۆربەیان ئەو شتانەیان نەبینیوە لە بیابانی مەککەدا وەکو ترێ و هەنارو زەیتون وە سەرچاوەی کانی و ئاوی هەڵقولاو.

ئایا خودا نەزان و گەمژە بوە لە گفتوگۆکردن تا ئەم ئاستە؟ ئایا هەموو خەڵکی مەککە سەیارەی جووتگێڕ و بەهێزی هەبووە بۆ هاتوچۆ و سەیران کردن، وە شتێکی زیاتریش بۆ ئەوە کە قورئان گفتوگۆ لەگەڵ خەڵکی مەککەی خێلەکی بە دەریا و شەپۆلەکانی دەریاو هەڵچوونی دەریا و ماسی ئەکات، چۆن کەسێکی بیابانی سادە کە بە درێژایی ژیانی تەمەنی بیابانی بەجێ نەهێشتبێت کە خەیاڵی دەریا و شەپۆل و زریانەکەی بکات.

سورەی ١٦ ئایەتی ١٤ (وَهُوَ الَّذِي سَخَّرَ الْبَحْرَ لِتَأْكُلُوا مِنْهُ لَحْمًا طَرِيًّا وَتَسْتَخْرِجُوا مِنْهُ حِلْيَةً تَلْبَسُونَهَا وَتَرَى الْفُلْكَ مَوَاخِرَ فِيهِ) .

سوره ٢٤ ئایەتی ٤٠ (يَغْشَاهُ مَوْجٌ مِّن فَوْقِهِ مَوْجٌ مِّن فَوْقِهِ سَحَابٌ ظُلُمَاتٌ بَعْضُهَا فَوْقَ بَعْضٍ)

لێرەدا بەپێی هەندیك لە مێژوونوسان ئاماژە بۆ ئەوە ئەکەن و ئەلێن کە دەقەکانی قورئان وێنای سروشت و دەریا ئەکات لە باکوری سوریا نوسراوە، بەڵام دەقەکانی شەریعەتە قورئانیەکانی یەهود وەکوو هاوسەرگیری و میرات و دەقەکانی شەرکردن وە جیهاد لە پێناوی پەلاماردان و داگیرکردنی شاری قودس لەناوچەی بەتراء نوسراوە، دوای ئەوەی هاوپەیمانی هاجەری نەصرانی کۆچیان بۆ کرد کە لە باکوری سوریاوە سالی ٦٢٢زاینی واتە ساڵی یەکەمی کۆچی رایان کرد.

بەکورتی لەسەر هەموو ئەم بەڵگە سەلمێندراوانەی قورئان ئەوەیە، کە هەموو داوەکان خاڵێک بەدەستەوە ئەدەن ئەویش نەصرانیەکانن، وە بەتایبەتی پیاوانی ئایینی نەصرانیەکان لە باکووری سوریا وە لە باشووری ئەردەن ناوچەی بەتراء لە سەرەتای سەدەی حەوتەمی زاینی‌دا. ...

## سەرچاوەکان





# ئاسۆ شابان: ڕۆشنە کە تەنها چارەسەرێك لەبەرامبەر ئەم بەربەریەتەدا سۆشیالیزمە...

## دیمانە لەگەڵ ئاسۆ شابان ئەندامی ڕێکخراوی ئینتەرناسیونالی هۆڵەندا سەبارەت بە پرسی چاکسازی دەسەڵاتی هەرێم

**بۆپێشەوە: هەموو کابینەکانی حکومەت و هەموو حزبە سیاسیەکان باسی گرنگی بەگژداچوونەوەی گەندەڵی دەکەن، کەچی گەندەڵی و تاڵانی هەر درێژەی هەیە، ئەوە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

**ئاسۆ شابان:** سیستمی سەرمایەداری لەپێناو زیاتر وەرگرتنی زێدەبایی زیاتردا لەسەر ئەو میتۆدە بونیاد نراوە کە تا دەتوانیت قازانج بەدەست بێنەو کەڵەکەی سەرمایەی خۆت بکە لە پێناو دەسەڵاتدا، پاشان هەر خۆت خاوەنی ڕەخنەی هەمان میتۆد بە لە پێناو ئارام کردنەوەی ناڕەزایەتیەکاندا.

بۆیە زۆر ئاساییە کە خودی کابینەکانی حکومەت قسەیان لەسەر گەندەڵی بێت، لە کاتێکدا کە خودی خۆیان سەرچاوەی سەرەکی ئەو سسیتمەن کە ئەو گەندەڵیەی دروستکردوە، ئەمە هەمان ئەو میتۆدەیە کە لەسەرجەم وڵاتانی تری سەرمایەداریدا پیادە دەکرێت.

گەندەڵی لە سستمی سەرمایەداریدا بونیادو مانەوەی دەسەڵاتی ئەوانە. کەڵەکەکردنی سەرمایەو کۆنترۆڵکردنی جومگەکانی دەسەڵاتی سیاسی بۆ ئەوان پێویستە بۆ بەردەوام بوونی دەسەڵاتی ڕەهای خۆیان و هەڵوەشاندنەوەی ڕیزبەندی بونیادی کۆمەڵگە. ئەوان لە گەندەڵیەوە دەتوانن سەرمایەی خۆیان کۆکەنەوەو لە دەسەڵاتدا بن، وە کاتێک کە دەسەڵاتی سیاسی خۆی و مانەوەی پەیوەند بێت بەو گەندەڵیەوە کە هەیە، چ چاوەڕوانیەکت لێی هەیە جگە لەبەردەوام بوون و گەشە پێکردنی نەبێت. ئەو حیزبە سیاسیانەی تریش کە ناتوانن ڕێ بەم گەندەڵیە بگرن ئەوا باشترین وەڵام ئەوەیە کە ئەوانیش بە شێوەیەک لە شێوەکان پەیوەست بن بەو گەندەڵیەوەو لەسەر هەمان ڕێچکەی ئەو سستەمە دەژین، دەنا دەبوونە ئەڵتەرناتیڤێکی زیندوو.

**بۆپێشەوە: ئۆپۆزیسیۆن... بەتایبەتی حزبی گۆڕان بە بانگەشەی دەیگۆڕین و پاکیجی شەفافیەت و چاکسازیان بەدەستەوە گرت، کەچی خۆیان بوونە بەشیک لەو حکومەت و دەسەڵاتەی کە بەد زو گەندەڵیان دەزانی، لەو بارەیەوە دەڵێن چی؟**

**ئاسۆشابان:** بزووتنەوەی گۆڕان، خۆی بەشێکی دابڕاو بوو لەهەمان ئەو سستەمە گەندەڵەی کە هەیە، کاتێک کە وەک پێویست جێگەو ڕێگەیەکیان لەو دەسەڵات و دابەشکردنەدا نەبوو، بوونە ئۆپۆزیسیۆن، واتە بەهەمان هزری سیاسی دەسەڵاتەوە، چما دەستەی ڕابەرایەتی ئەوان لە کوێوە هاتوون، هەر خۆیان دامەزرێنەرو پێکهاتەی هەمان گەندەڵکارەکانی تر نین. ئاساییە کاتێک ڕێکخراوێکی ناسیۆنالیست یان لیبراڵ دەبێتە ئۆپۆزیسیۆن، ئەوا دەبێتە خاوەنی هەموو ئەو داواکاریانەی کە لە ڕاستیدا داواکاری سەرەکی کرێکاران و زەحمەتکێشانی نێو جەماوەرە، هەر وەک چەپ و لیبراڵێکی ڕادیکاڵ دێتە مەیدان بۆ ئەوەی سەرجەم ناڕەزایەتیەکان و بەرەی دژە دەسەڵات لە خۆی کۆکاتەوە، نا بۆ ئەوەی دەست بە ئامانجەکانی ئەوانەوە بگرێت، بەڵکو بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی کە خۆیان دەیانەوێت، بزووتنەوەی گۆڕانیش باشترین نموونەیە، لەبەرەی ناڕەزاییەتی جەماوەریەوە دژی گەندەڵی بۆ بەشداربوون لە دەسەڵاتی هەمان دەسەڵات و سستمی گەندەڵدا، زۆر ڕۆشنەو سادەترین کەس دەتوانێت لەمە تێ بگات. کاتێک کە ئۆپۆزیسیۆن ئەڵتەرناتیڤێکی ڕاستەقینەی جەماوەر نەبێت ئەوا بێ هیچ دوو دڵیەک سبەی ڕۆژ لەهەمان دەسەڵاتدا دژ بە جەماوەر پشتیوانی لە دەسەڵات دەکات، خەڵکی نارازی و یاخی بە دەسەڵات زۆر ڕۆشن ئەمەیان بینی بێ ئەوەی چیتر هیچ وەهمێکیان بە ئۆپۆزیسیۆن بمێنێت.

بزووتنەوەی گۆڕان هەر لەسەرەتاوە ئەو ئەڵتەرناتیڤە نەبوو کە بتوانێت جێ بە دەسەڵات لێژ بکات، چونکە داهات و کۆمەکی ئەم ڕێکخراوە لەخودی حیزبە دەسەڵاتدارەکانەوە سەرچاوەی گرتبوو، ئەوەی ئەوانی کردە ئۆپۆزیسیۆنێکی گەورە، بێ ئاسۆیی و نەبوونی پارتێکی شۆڕشگێڕ بوو لە مەیداندا، بۆیە ئەوان توانیان لە قۆناغێکی تایبەتدا ئەو هەلە بقۆزنەوەو گشت ئەو جەماوەرەی دژ بە دەسەڵات بوو لە نێو خودی خۆیاندا ڕیزبەندی کەن، بەڵام خەونی بێ ئەڵتەرناتیڤی ئەم بزووتنەوەیە زوو ئاشکرا بوو بۆیە ناچار بێ بەرامبەر لەگەڵ دەسەڵات زوو پێکهاتن .

## بروودان بە هۆشیاری چینایەتی و خۆڕێکخستن لەدەرەوەی ڕێکخراوەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن ئەرکێکی جدی و مێژووییە کە دەبێت بکرێت...

**بۆپێشەوە: هۆکارێکی سەرەکی تورەیی و خۆپیشاندانەکانی خەڵکی کوردستان، دزی و گەندەڵی بوو... هۆکاری بانگەشەی چاکسازی لەلایەن حکومەتەوە، چەندە پەیوەندی بە خامۆش کردنەوەی ناڕەزایەتی و تورەیی جەماوەرییەوە هەیە؟**

**ئاسۆ شابان:** بێگومان ناڕەزایەتیەکانی جەماوەر هەمیشە بەردەوامە لەبەرامبەر گەندەڵی و نابەرابەریەکدا کە هەیەو تیایدا دەژین. بەڵام تا ئەو شوێنەی ڕێکخراو نییە هیچ ئەنجامگیریەکی لێ ناڕوێت. بەڵام لە هەمانکاتدا پرسی ئێمە ئەوەیە، ناڕەزایەتیەکان کێ دەیکات و لەسەر چ میتۆدێک کاردەکات لە بەرامبەر دەسەڵاتداو کێ ڕابەرایەتی ناڕەزایەتیەکان دەکات؟ لە کاتێکدا کە ئێمە هیچ پارتێکی شۆڕشگێڕی ڕاستەقینەمان نەبێت لەمەیداندا کە ڕێکخەرو ڕێبەرایەتی ناڕەزایەتیەکان بکات، کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان پەرش و بڵاوو ناڕۆشن بە ڕێکخرابوونی خۆیان نارازی بن، چاوەڕوانی ئەوەش لێرەدا ناکرێت کە ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانەکان تاسەر بەردەوام و ئەنجامگیربن .

پێش هەموو شتێک ئێمە پێویستمان بە ئاستێکی هۆشیاری چینایەتی ڕۆشنی ڕێکخڕاوبوون هەیە کە پابەندبێت بە ئەڵتەرناتیڤێکی سۆسیالیستی شۆڕشگێڕانەوە تا بتوانین ئایندەو ئاسۆیەکی ڕۆشن بۆ ناڕەزایەتیەکان مسۆگەر بکەین و بە قازانجی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنە لیبڕاڵەکان تەواو نەبێت و گۆڕانکاریەکی ڕیشەیی لە بونیادی کۆمەڵگەو دەسەڵات و سیستمی باودا بێنێت .

دەنا هەموو کات خۆپیشاندان و ناڕەزاییەتەکان بە قازانج و ئامانجی دەسەڵات تەواو دەبێت و دەتوانن بە هەندێ دەستکەوت کە مافی ڕەوای ڕاستەقینەی کرێکاران و جەماوەری ڕاپەڕیوە، هێمن کەنەوەو بەو ڕێچکەیەدا ببەن کە دەیانەوێت.

بۆیە برەودان بە هۆشیاری چینایەتی و خۆڕێکخستن لەدەرەوەی ڕێکخراوەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن ئەرکێکی جدی و مێژووییە کە دەبێت بکرێت.

**بۆپێشەوە: خەڵکی کوردستان چ ئەرکێکی بۆ ڕووبوونەوەی دزی و گەندەڵی دەکەوێتە ئەستۆ؟**

**ئاسۆ شابان:** ئەم پرسیارە زۆر ڕۆشن نیە! خەڵکی دەتوانێت چی بکات لە کاتێکدا کە ناتوانێت خۆی ڕێک بخات، کە ناتوانێت هاوخەباتی و هاوریزی توێژەکانی نێو کۆمەڵگە پێکەوە گرێ بدات.

باشترین وەڵامدانەوە بەو دزی و گەندەڵیەی کە هەیە، خۆڕێکخستن و بەردەوامبوونی ناڕەزایەتیەکانە تا دەگاتە ئاستێکی باڵای کۆنترۆڵکردنی پێگەی دەسەڵات لە نێو بوارەکانی ژیاندا تا ئاستی ملدان بە دەسەڵات و شکست پێهێنانی. کارکردن لەسەر هاوپشتی و هاوکاری و هاوخەباتی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە پێکەوە لەسەر بونیادی ئەڵتەرناتیڤێکی شۆڕشگێڕانەی ڕۆشن و کارکردن لەسەر هەڵوەشاندنەوەی ئەو سستەمەی کە بۆتە هۆی دروست بوون و بەردەوامی گەندەڵی. لە هەمان کاتدا کارکردن لەسەر پیادەکردنی گۆڕانکاری ڕیشەیی لەبەرامبەر هەر نابەرابەریەکی چینایەتی و کۆمەڵایەتیدا کە تا ئێستا هەیە، هەڵبەت لێرەدا ئەو پرسە دێتە پێشەوە، کامە ئەڵتەرناتیف و کام بونیادی شۆڕشگێڕانە؟ هەڵبەت بۆ ئێمە ڕۆشنە کە تەنها چارەسەرێک لەبەرامبەر ئەم بەربەریەتەدا سۆسیالیزمە، ئیتر ئەمە دەبێتە ئەرکێکی دەستبەجێی سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان کە ئەم خۆ ڕێکخستن و ڕێبەرایەتیە بگرنە ئەستۆی خۆیان و کاری جدی بۆ بکەن، هەر وەک چۆن ئێستا لەسەرتاسەری جیهاندا سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان لە بزووتنەوەیەکی ئینتەرناسیۆنالی جیهانیدا کاری لەسەردەکەن و بە ئەرکی هەنوکەیی و مێژوویی خۆیانی دەزانن..

## درێژەی دوا وتە

ناتوانێت دۆخی شەڕ و ئەگەری شەر لەبەین ببات. دەوڵەتی تورکیاو ئاک پارتی بێ شەڕ و سەرکوتی سیاسی، ناتوانێ درێژە بە ژیانی خۆی بدات. دەوڵەتی توکیا لە ئێستادا بەهاوکاری دەوڵەتی عێراق و پارتی و یەکێتی، گوشارێکی زۆری خستۆتە سەر هێزە سەربازییەکانی پەکەکەو بنکە و بارەگاکانی... و دەیەوێت لە رێگای سەربازییەوە تواناکانی پەکەکە نەهێڵێت. بێگومان ئەو دۆخەو ئەو گوشارە زۆرە سەربازییەش لەسەر هێزەکانی پەکەکە، لەپەیامەکەی ئۆجەلاندا، دەبینرێت.

بۆ دەوڵەتی توکیای فاشیست و قەوم پەرست، تەنها یەک رێگا دەتوانێت دەستی ببەستێت و گورزی کەمەر شکێن لە پەیکەرەی دەسەڵاتی بدات، ئەویش وەرێخستنی بزوتنەوەیەکی جەماوەری شاری و فراوانە و لێک هەڵپێکانی ئەو بزوتنەوەیەیە لەگەڵ بزوتنەوەی نارەزایەتی لە ئاستی سەراسەریدا.... دەوڵەتی تورکیا بە شەر لە کوردستانەوە نە دەروخێت و نە باکی بە خوێن بەربوونی هیزە سەربازی و ئەمنیەکانی هەیە، ئەوەی کە لێی دەترسێت راسانی جەماوەری و سەراسەری شارییە، تیکەڵ بوونی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری کوردستان لەگەڵ تورەیی جەماوەری تورکیایە بەدژی دەسەڵاتی دەوڵەت و ئاک پارتیدا... سیاسەتیکی ئاوا و ریگایەکی لەم چەشنە لە دنیابینی و نەخشەی ئۆجەلان و پەکەکەدا نییە. خەڵکی کوردستانی تورکیا کە دژی ستەمی نەتەوایەتی و سەرکوتگەری رژیمن، دەبێ ئەو راستیەیان بۆ سەلمابێت، کە پەکەکە هەڵگری چارەسەری پرس و کیشەی کورد نییە لە تورکیا، بەڵکو بەدوای بەشی سیاسی و هاوبەشیکردنە لە دەسەڵاتی ناوەندیدا، کە ئەمەش هەرگیز بە مانای چارەسەری کیشەی خەڵکی کوردستان و ڕیگایەک بۆ دەستکۆتاکردنی رژیمی تورکیا نییە لەسەر خەڵکی کوردستان. دەوڵەتی تورکیا کە هەموو دەنگێکی ئازادیخوازانە و سیاسی بەزۆری هێز خەفە دەکات و زیندانەکانی سیخناخ لە نەیارانی سیاسی و ئازادیخوازان و چالاکوانانی مەدەنی و رۆژنامەنووسانی ئازاد...تاد کردووە و ڕۆژ بەڕۆژیش هەوڵدەدات دەسەڵاتی سەرکوتگەرانەی بەهێزتر بکات، و نەیارە سیاسیەکانی لەبەین ببات، نابێ هیچ جێگای خۆشباوەری جەماوەری و، تەنانەت پەکەکەش بێت. دەوڵەتی تورکیا لەژیر گوشار و بزوتنەوەی جەماوەری فراوانی شارییدا نەبێت، ئامادەنییە هیچ سازشێک بکات و زیندانییە سیاسیەکان ئازاد بکات و کەشی سیاسی بەریژەیەکی کەمیش بکاتەوە.

٢٠ ساڵە خودی ئۆجەلان لە زیندانێکی ئینفیرادی و دورخراوە، ڕاگیراوە... لەماوەیەشدا ئۆجەلان چ پشتی کردۆتە سیاسەتە راگەیەنراوەکانی پێشووی و ئاڵوگۆری بناغەیی بەسەر دەزگای فکری و دنیابینی خۆیدا هێناوەوە و چ زۆرجار بەزمانی دەوڵەتی تورکیاوە پەیام و لێدوانی داوە، کەچی دەوڵەتی فاشیستی تورکیا، هیچ کاردانەوەیەکی ئەرینی روو بە ئۆجەلان نەناوە. بۆیە باشترە ئۆجەلان کۆتایی بەو پەیامانەی بهێنت و بەتایبەتیش کە ئەو لەزیندان و دەستبەسەر و ئیرادەی ئازاد نییە و لەگەڵ دەوڵەتیکیش بەرەو ڕووە کە نموونەی هەرە درندەی دەسەڵاتە سەرکوتگەرەکانی دنیایە....

لەگەڵ ئەوەدا کە کاریگەری پەکەکە لەسەر بەشێکی فراوانی خەڵکی کوردستانی تورکیا، راستیەکی حاشاهەڵنەگرە، بەڵام چارەسەری کیشەی سیاسی خەڵکی کوردستان لە ڕیگای پەکەکەو ئۆجەلانەوە، ناڕواتە پێشەوە. ئەوەی دەتوانێت ئەم پرسە بە شوێنێک بگەینێت و بە ئاقاری کۆتاییهێنانی ستەمی نەتەوایەتیدا بڕواتە پێشەوە... پشت بەستنە بە بزوتنەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی چینایەتی جیاواز کە بزوتنەوەی کوردایەتی تێپەراندبێت و رەوتێکی ئازادیخوازنە و پێشکەوتنخوازی پشت بەستووی بە ئیرادەی جەماوەری و کریکاریی بێت.

**عەبدوڵا مەحمود**

# بۆپێشەوە

**FORWARD** بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

**کرێکاران، زەحمەتکێشان،لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!**
**بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبراوە بۆ روبەروبونەوەی فکر و راگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوەو رەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی...بڵندگۆی بانگەوازی هاوچینەکانتانە بۆ هاوپشتی و هاوخەباتی، وە دەنگ و مینبەری راستەقینەی ئێوەیە لەدژی هەر زوڵم و ستەمێک کە لە کۆمەڵگای سەرمایەداری ئێستادا، بەرامبەر ئێوە دەکرێت... لەیەک وشەدا، بۆ پێشەوە، سەکۆیەک و مینبەرێکە لە بەرەی شۆرشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکاردا، بۆ ژێروژورکردنی دنیای زاڵمانەی سەرمایەداری و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی...**
**بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو کیروگرفتەکان و رێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سیبەریان، دەیانەوێ بەلاڕی، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بکەیەنن... ئەو راستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە رێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تاڵانی دەسەڵات و کۆمپانیاکانیان، هەوڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی رۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنیەکان... بە ئێمە بکەیەنن... بۆپێشەوە، دەنگی سازشهەڵنەگرو سەکۆی راستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو کۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەکەڵیدا...ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..**

bopeshawa@gmail.com

www.bopehsawa.net

## کۆمەڵگەی ئازادی کۆمۆنیستی کە لەسەر بناغەی هاوبەشی هەمووان لەسەرووەت و سامانی کۆمەڵگە دامەزراوە،هەر ئەمڕۆ دەکرێ پیادە بکرێ...

دوا لاپەڕە 15/8/2019 (58) ژمارە، ساڵی سێهەم،

بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

Forward

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:

شوانە حەسەن، ئاراس ڕەشید، عەبدوڵا مەحموود، عەبدالرحمن رەسوڵ،کازیوە ساڵح، هیوا ساڵح، کاوان قادر، حەکیم میرزا، ئەکرەم مەحمود،

لەگەڵ دۆسیەیەکی تایبەت بەناوی"دەسەڵاتی هەرێم و چاکسازی"

بۆپێشەوە

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحموود

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

bopeshawa@gmail.com

بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:

abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خوێندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆ پێشەوە سەردانی سایتی بۆ پێشەوە بکەن:

www.bopeshawa.net

# دوا وتە

## پەیامی ئۆجەلان

بەرواری ١٦ی ئاب، عەبدوڵا ئۆجەلان چاوی بە پارێزەرەکانی کەوت لەرێگای ئەوانیشەوە پەیامێکی ڕاگەیاند کەدەڵێت:



***"من بۆ کورد جێگە و پێگە دروست دەکەم. وەرن ئێمە پێکەوە کێشەی کورد چارەسەر بکەین. دەڵێم، من لە ماوەی هەفتەیەکدا دۆخی شەڕ و ئەگەری شەڕ ناهێڵم. من چارەسەری دەکەم و بڕوام بە خۆم هەیە و بۆ چارەسەری ئامادەم. بۆ ئەوەش دەبێت دەوڵەت و عەقڵی دەوڵەت ئەوەی پێویستە ئەنجامی بدات"***

کێشەی کورد، کیشەیەکی ئاڵۆزکاو و مێژوویی و ناوچەییە، لایەنی سەرەکی قوڵکردنەوەی ئەو کێشەیە سەرکوتگەری و رەفتار زبری دەوڵەتەکانی تورکیا و عێراق و ئێران و سوریاییە. بڕوانەبوونی ئەوانە بە مافی یەکسانی هاوڵاتی بوون. دامەزراندنی دەوڵەتەکانیانە لەسەر پایەی دەمارگیری نەتەوەیی. ئەمەش دەرهاویشتەکەی بووە بەوەی هاوڵاتیانی کورد زمان لەهەرکام لەو دەوڵەتاندا وەکو هاوڵاتی پلە دوو تەماشابکرێن و مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت. بزوتنەوەی ناسیونالیستی کوردیش لەسەر ئەم واقعیەتە هاتۆتە پێکرتن و کاردانەوە و بەرەنگاری لەگەڵ دەوڵەتەکانی ناوچەکە. ئامانجیشیان بەشداری کردنە لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی.

ئەوەی بەڵگەنەویستیشە لەهیچ برگەیەکی سیاسییدا، هیچ هێزێکی ناسیونالیست نادۆزینەوە کە ئامانجی کۆتایی هێنان بیت بە ستەمی نەتەوایەتی سەرخەڵکی کوردستان و ریگاچارەی پشت بەستن بێت بە ئیرادەی سەربەخۆی جەماوەری، بەڵکە لەجێگای ئەوە بەشداری و هاوبەشیکردن لە دەسەڵاتی ناوەندی ئەو وڵاتانەدا بۆتە قیبلەنوومای بزوتنەوەی کوردایەتی و حزبەکانی. بۆیەشە بازنەی" شەڕ، گفتوگۆ، شەر" بەدریژایی ململانێی نێوان ناسیونالیزم بێبەشکراو لەدەسەڵاتی ناوەند و لەگەڵ ناسیونالیزمی خاوەن دەسەڵاتدا، لە چەرخاندایە.

پەیامەکەی ئۆجەلانیش هەڵگر و درێژە پێدەری هەمان لۆژیکە، بەڵام بەپۆزی زیندانیەکی کاریزمایی و کاریگەر لەسەر رەوتە سیاسیەکەی پەکەکە. دیارە ئەو بانگەشەیەش کە دەڵێت" ***لە ماوەی هەفتەیەکدا دۆخی شەڕ و ئەگەری شەڕ ناهێڵم"*** پشت بەستوو بەهیچ پایەکی بابەتی و خوێندنەوەیەکی واقعیانەوە نییە، بەڵکو راگەیاندنی پەیام و دلسۆزی نواندنە بۆ دەوڵەتی تورکیا کە دۆخی ئەو وەکو زیندانیەکی ٢٠ ساڵە لەبەرچاو بگرن.

دیارە ئۆجەلان دروست دەڵێت کە دەتوانێت پەکەکە رابگرێت لە شەڕ، بەڵام راگرتنی پەکەکە لەشەر لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا، بۆ لاپەڕە ١٣

# سێ ساڵ بەسەر تیرۆری رۆژنامەنووس وەدات حسێن دا، تێدەپەڕێت، تۆمەتبارانیشی ئازادن!!



١٣ ئابی ٢٠١٦ رۆژنامەنووس وەدات حسێن لە ناوجەرگەی شاری دهۆکدا، لەلایەن چەند چەکدارێکەوە، ڕفێنراو پاشان بەبرینێکی سەختەوە لەسەر رێگای سومێل- دهۆک جەستەی زامدارو لەخوێن هەڵکێشراوی دۆزرایەوە، پاشان لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا.

١٣ ئەم مانگە سێ ساڵ بەسەر ئەم کردەوە تیرۆریسیەدا تێپەربوو، کەچی تا ئێستا بکوژ و نەخشەدارێژەری ئەم رفاندن و تیرۆکردنە، وەکو باقی تیرۆرەکانی تری رۆژنامەنووسان، ئاشکرا نەبووە.

دوا سێ ساڵ لە تیۆری رۆژنامەنووس وەداد حسێن، دەزگاکانی حکومەت!! و دەسەڵات، نە سەرەداوێکی ئەم تیرۆرەو نە تاوانبارێکی ئاشکرا نەکردووە، لەکاتێکدا هەر ئەو دەزگایانە بۆ سەرکوتی رابەرانی جەماوەری و خۆپیشاندەران، بۆ دۆزینەوەی نەیارانی دەسەڵاتیان، چاوتیژ و تیژ ڕەون و لەماوەیەکی کەمدا روداو و دۆسیەی زۆر ئاڵۆز لە ریگای دەزگا و جاسوسەکان و پیاوە نۆکەرەکانیانەوە، ئاشکرا دەکەن و دەدۆزنەوە. ئەمەش ئەو نیشان دەدات کە خودی دەسەڵات ئاگاداری ئەم پیلانە چەپەڵەی تیرۆرەو لەژێر باڵی ئەوان بەدەستی خۆیان یان بەئاگاداری ئەوان، ئەنجام دراوە. بەناو ئۆپۆزیسیۆنی دەسەڵات و ئەو هێزانەش کە بانگەشەی بەرگری لە ئازادی و رۆژنامەنووسان دەکەن و لەهەموو شارەکانی کوردستاندا بوونیان هەیەو دەتوانن کاری دۆزینەوەو ئاشکراکردنی تۆمەتباران ئەنجام بدەن... بێدەنگەیان هەڵبژاردووەو ئامادەنین، بەکردەوە خۆیان بکەنە خاوەنی ئەو دۆسیانەی پەیوەندیان بە ئازادی و ئازادی کاری رۆژنامەگەرییەوە هەیە. ئەوەی دەنگی نەفرەت و تورەیی بەرووی ئەم پلانەدا بەرزکردۆتەوە یان خەریکی ئیدانەو چالاکی و بەدواداچوونە، ژمارەیەکی کەم رێکخراوەی مەدەنی دەستکورت و ژمارەیەک رۆژنامەنووسی ویژدان زیندووی نەکڕدراو کەڕ نەکراون و کوێرنەکراون. دۆسیەی وەدات و تەواوی رۆژنامەنووس و هەڵسوراوانی سیاسی و ئازادی و قوربانیانی، دۆسیەکی کراوەیەو تا سەر دیزە بەدرەخۆنە ناکرێن و ناشاردرێنەوە، رۆژێک دێت، تۆمەتباران و نەخشە دارێژەرانی پشتیان، توشی لێپێچینەوەی عەدالەتخوازی بکرێن، ئەم رۆژە هەر دێت.

# سەرەڕای گرتن؛ نارەزایەتی ژنانی ئێرانی لەبەرامبەر حیجاب بەردەوامە

ماوەی نزیکەی دووساڵە دەسەڵاتدارانی ئێرانی بەردەوامن لەگرتنی دەیان لەژنانی ئازادیخواز بەتاوانی وەستانەوەیان لەبەرامبەر ڕێنوێنەیەکانی حکومەت سەبارەت بە پۆشینی زۆرەملێی ژنان.



دوای بڵاوبوونەوەی کرتەیەکی ڤیدیۆیی کە تێیدا ٣ ژن لە میرۆکانی تاران بەبێ حیجاب لە ڕۆژی ژناندا گوڵ دابەش دەکەن، ئەوەش بۆ هاندانی هاوپشتی دژ پۆشینی حیجابی زۆرەملێ. ئەمەش وای لە پۆلیسی ئێران کرد کە لە ١٠ی نیسانەوە دەستبکەن بەگرتنی چالاکوانی ژنان. سەرەتا بەناوی یاسەمین ئاریانی(تەمەن ٢٣ ساڵ) لە ماڵەکەی خۆی لە کەرەجی نزیک بە تاران دەستگیر کرا. هەروەها گرتنی دایکی لە ڕۆژی دواتر، دوای ئەوەی چووبوو تا دڵنیابێت کە کچەکەی لە کوێیە.

دوای ٢ هەفتە لەم کارە و گرتنی سێیەم ژن بەناوی موژگان کەشاوەرز لە ماڵەکەی خۆی و بەبەرچاوی کچە ٩ساڵەکەی.

دوای گرتنی ئەم ٣ ژنە چالاکوانانە و دادگایی کردنیان لە ٣١ی تەمووز، و بەشی ٣١ لە دادگای شۆڕش!! لە تاران زیندانی ٥ ساڵیان بەسەر ئەم ٣ ژنەدا سەپاند بە تۆمەتی (گردبوونەوە و نەخشەکێشان بۆکارکردن دژ بە ئاسایشی نەتەوەیی)، هەروەها سزای ساڵێک بەتاوانی (پڕوپاگەندە دژ بە دەوڵەت)، و ١٠ ساڵیش بەتاوانی( هاندان و گەندەڵی ڕەوشتی( ئەخلاقی و لەشفرۆشی). دادگا سزای کەشاوەرزی بە زیندانی ٧ ساڵ و نیو دا بە تاوانی (ئیهانەکردنی پیرۆزیەکان). ئەگەر ئەم سزایانە لە دادگای ئیستیئناف تەئید بکرێت؟ ئەوا ئەو ژنانە ماوەیەکی زۆرتر لە زیندان دەبن.

**دوا کات بۆ ناردنی بابەتەکانی ژمارەی داهاتوو 28/8/2019**